# ئینتیمای نیشتمانی و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەکاتە ب

**((زۆرجار هاووڵاتیبوون لەبری هاونیشتمانی بوون بەکاردەهێنرێت،بەڵام کە دەچیتە ناو یەکێتی ئەوروپا هەست دەکەیت لەگەڵ دووچەمکی هاووڵاتیبوون مامەڵە دەکەیت، یەکەمیان هاوڵاتیبوونە لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا،دووەمیان هاوڵاتیبوونە لەسەر ئاستی نیشتمانی دەوڵەتی ئەندام لە یەکێتیەکەدا.ئێستا هاووڵاتیبوون لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا دامەزراوە و بوونی هەیە و هەر تاکێک کە هەڵگری ناسنامەی هاونیشتمانی دەوڵەتێکی ئەندام بێت،هاووڵاتی یەکێتی ئەوروپاشە، پێویستە بوون بە هاوڵاتی لە یەکێتی ئەوروپادا جێگەی هاونیشتمانی نەگرێتەوە بەڵکو دەبێت تەواوکاری بێت)).**

**مارگرێت گۆس**

هەڵبژاردنی ئەم باسە بۆ پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە گوڵان لەگەڵ خوێنەرانی خۆی و هەواداران و دەنگدەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بابەتێك تاوتوێ بکات کە هەموو دروشمەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و تێکرای قەوارە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان لە بازنەیەکی گەورەتر کۆبکاتەوە کە ئەویش بازنەی ئینتیمای تاکە بۆ ناسنامەی نیشتمانی کوردستانیبوون و هەستی نەتەوەیی تاکی کوردستانە بۆ دۆزینەوەی رایەڵەی دروستبوونی چەمکی گەلی کوردستان و پاراستنی ناسنامەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقداو



# هۆشیاری نەتەوەیی

# ـــــازنەی کۆکردنەوەی جیاوازییەکان

بۆئەوەی بزانین چۆن دەتوانین وەك هاونیشتمانی، هاونیشتمانی کوردستان بین و وەك عێراق هاووڵاتیەکی پلە یەکی عێراقیش بین.

کەواتە ئەم باسە وەك تایتڵی راپۆرتێك لە چەند وشەیەکی سادە پێکدێت، بەڵام کاتێك دەمانەوێت ئەم چەند وشەیە راڤە بکەین و لەسەر واقیعی ئێستای کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ و عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پراکتیزەی بکەین، دەبینین بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وەك رایەڵەیەك بۆ گرێدانەوەی هاونیشتمانی کوردستانیەکان و هەروەها بۆ هاوڵاتیبوونی عێراقیان پێکەوە گرێداتەوە،هەر بۆیە کاتێك لەسەر ئەم بنەمایە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەخوێنینەوە هەستدەکەین دووخاڵی گرنگ کە دەبێتە پرانسیپی هەموو ئەو لایەنەنانەی نێو ئەم هاوپەیمانیەی کۆکردۆتەوەو پێکەوە بەرەو بەدیهێنانی ئەو دووخاڵە هەنگاو هەڵدەگرن، ئەو دووخاڵەش بریتین لە:

- ناسنامەی ئینتیمای نیشتمانی.
- مافی ئەو تاکانەی ئەو ئینتیما نیشتمانیەیان هەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا.

کەواتە ئەم خوێندنەوەیە لەسەر هەوادران و دەنگدەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی فەرزی دەکات کە پێویستە لە بنەمای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانیشدا رەچاوی ئەو دووخاڵە بکەن و ئەوەی لەبیر بێت کە بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنە بەشدارییەکە لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی و جیاوازە لەو هەڵبژادنەی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بەرێوە دەچن.بۆ زیاتر رۆچوون بە قووڵایی ئەم باسەدا یەکێتی ئەوروپا وەك نموونەیەکی سەرکەوتوویی فیدراڵی و دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان وەك نموونەیك ئاماژە پێدەکەین،لەبەر ئەوەی ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا وەك فیدراسیۆنێك ئیشکالیەتی ئەم باسە ئاڵۆزەمان بۆ ئاسان دەکات و، فێرماندەکات ئەم هەڵبژاردنەی ئێستای عێراق وەك هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا سەیر بکەین، لە خۆمان بپرسین چۆن هاوڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورپا بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنە جیاوازەکانیان لەسەر ئاستی دەوڵەتی

**لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پێناوی ئەوەی فراکسیۆنی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا یەکگرتوو بێت خۆی بەبراوە دەزانێت نەك بە دۆڕاو**



ئەندام و لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا، ئەم لێکجیاکردنەوەیە وامان لێدەکات کە هەڵچوون و هەستیاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و خۆشەویستیمان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان دووچاری هەڵە یان دوورمانخاتەوە لەو پرانسیپانەی کە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر داڕێژراوە.

لەم قۆناخە هەستیارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵمەتەکان بەرەو گەرمتر و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گرنگی ئەم هەڵبژاردنە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتی قەوارە سیاسیەکاندا بچووکدەکرێتەوە، ئەوا ئەرکێکی نیشتمانی هەر لایەن و قەوارەیەکی سیاسیی و میدیایەکی بەرپرسیارە، بە هزرێکی کراوە و ساردەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەرمە بکات و هەوڵبدات ئاراستەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بخاتەوە سەر سکەی خۆی و ئەو پرانسیپانەی کە دەبنە ئامانجی گەورەی بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکاندا، کە ئەویش بەرزراگرتنی هەردوو چەمکی (( ماف و ناسنامەیە)) لەبیر نەکەین، ئەوجا بۆ ئەوەی لە بایەخ وگرنگی ئەم دوو پرانسیپە بگەین و لە خۆمان بپرسین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو چەمکە بکەین، ئەوا گرنگە چەند خاڵێك هەیە راشكاوانە لەبەر چاوی بگرین و لەهەمانكاتدا دەبێت پشوو درێژ بین و (تای) هەڵبژاردن ڕێگەمان لێ وونەكات:

١- خاڵی گرنگ لەم هەڵبژاردنە ئەوە نیە تاکی کوردستانی دەنگ بەکێ دەدات، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تاکی کوردستانی بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنە بکات.

٢- تاکی کوردستانی لە هەردوو چەمکی ( ماف و ناسنامە) هاوکار و هەماهەنگ لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی کۆمەڵێك ماف و داوای هەیە کە لای لیستی هاوپەیمانی کوردستان نیە، بەڵکو هاوپەیمانی کوردستان هەڵگری پەیام و داواکارییەکانی ئەوانە بۆ پەرلەمانی عێراقی، بۆیە ئەگەر بە بەشدارییەکی فراوان هێزی خۆمان نەدەینە نوێنەری راستەقینەی خۆمان بۆ پەرلەمانی عێراقی، ئەوا نوێنەرەکەمان لە بەغدا ئەو بازووە بەهێزە نابێت کە خۆی لە شۆڤێنیەکان و دوژمنانی عێراقی نوێ ڕاپسکێنێت نەهێڵێت بازووی بابدەن، هەروەها نابێتە ئەو بازووە بەهێزەی کە ببێتە پاڵپشت بۆ هەموو ئەو لایەنە عێراقیانەی دیکە کە بڕوایان بە جێبەجێکردنی دەستوور و بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە هەیە.

٣- ئەگەر بەشداری فراوان نەکەین و دەنگی خۆمان نەدەین بە هاوپەیمانی کوردستان ئەوا وەك قەوارەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا قەوارەیەکی لەرزۆك و نایەکگرتوومان دەبێت، لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە خاوەنی ئەزموونی ٧ ساڵی کاری پەرلەمانتارییە لە پەرلەمانی عێراقدا فێری ئەوە بووە لە پێناوی ئەوەی فراکسیۆنی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا یەکگرتوو بێت خۆی بەبراوە دەزانێت نەك بە دۆڕاو، ئەمە بەو مانایە ناڵێین لیستی هاوپەیمانی کوردستان موزایەدەی سیاسەتی نیشتمانی بەسەر قەوارەو لایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستاندا یان (تای)هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەموو راستیەکانی لەبەرچاو وونکردبین، نەخێر هەموو لایەن و قەوارە سیاسیەکانی دیکەش کە دەچنە بەغدا دەبێت هەمان هەڵوێستی نیشتمانیان لە هەمبەر پرسە نشتیمانیەکانی کوردستان هەبێت، بەڵام جیاوازی هاوپەیمانی کودستانی لەگەڵ لایەن و قەوارە سیاسیەکانی کوردستان ئەوەیە کە لیستی هاوپەیمانی ئەزموونی حەوت ساڵی رابردوو دیدبۆچوونی شۆڤێنیانەی ناو وتوێژەکانی پەرلەمان فێری کردووە پرسی ( ماف و ناسنامە) لە هەندێك ئیمتیازات و ئیستحقاقی ئینتخابی گەورەترسەیر بکات، یەکریزی نێو ماڵی فراکسیۆنی کوردستانی لە چەند کورسیەکی هاوپەیمانی کوردستانی بەگەورەتر بزانێت، بەڵام بەمەرجێ ئەو کورسیانە لە ناو ماڵی فراکسیۆنی کوردستانیدا دابەشکرابنەوە نەك کورسیەکانمان لە دەست چووبێت.

٤- بەشداری فراوانمان لە هەڵبژاردن و تێگەیشتنمان لە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان هانماندەدا زیاتر دەنگی خۆمان بدەینە هاوپەیمانی کوردستانی، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی،نیشتمانیتر لە بەرنامەی قەوارەو لایەنە سیاسیەکانی دیکە داڕێژراوە، نەخێر لەبەر ئەوەی بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی پراگماتیزانەتر لە بەرنامەی ئەوانی دیکە داڕێژراوە و ڕەچاوی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی عێراق و پەیوەندیە ئیقلیمییەکان و چۆنیەتی پێکەوەگونجان و پێکەوەسازان ( سیاسەتی تەوافق ) کراوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەگۆڕو گۆڕاوەکانی( الثابت و المتغیرات)ی سیاسەتی ئەمڕۆی گەلی کوردستانی لێکجیاکردۆتەوە و نەگۆڕو گۆڕاوەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تێکەڵ ناکات، باشترین نموونە کە خزمەتی ئەم باسە بکات بە چەند خاڵێك نەگۆڕ و گۆڕاوەکان دەخەینەڕوو:

أ- لەمەسەلەی کەرکوك و موسڵ و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە، مادەی ١٤٠ ی دەستووری عێراق کلیلی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە، ئەم مادە دەستووریە یەکێکە لە نەگۆڕەکانی سیاسەتی هاوپەیمانی کوردستانی و مانەوەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، بۆیە هاوپەیمانی کوردستان لە کۆشکی سپی، لە گرین زۆنی بەغدا، لە ئەنکەرا،تاران، واشنتۆن، بەهەموو جیهان رادەگەیەنێت کە ئاییندەی دیموکراتی و یەکپارچەیی عێراق بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیەوکە مادەی ١٤٠ ە، تەنانەت بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە واشنتۆنەوە بە جیهانی ڕاگەیاند بەشداربوونمان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەبەر ئەوەبوو لە دەستووری عێراقدا مادەی ١٤٠ هەیە کە پێشتر مادەی ٥٨ی یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق بووە بۆ قۆناخی ئینتیقالی، ئەمەش واتە تەنانەت بەشداری هاوپەیمانی کوردستانی لە پرۆسەی کاتی دەسەڵاتی هاوپەیمانان ( CAP ) لەساڵی

**هاوپەیمانی کوردستان لە کۆشکی سپی، لە گرین زۆنی بەغدا، لە ئەنکەرا، تاران، واشنتۆن، بەهەموو جیهان رادەگەیەنێت کە ئاییندەی دیموکراتی و یەکپارچەیی عێراق بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠**

٢٠٠٤ پابەندبوونــی دەســەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بووە بە مادەی ٥٨، مانەوەی هاوپەیمانی کوردســتان دوای داڕشتنی دەستووری عێراق لە پرۆسەی سیاسیی عێراق پەیوەســت بووە بە مادەی ١٤٠، بــەڵام هاوپەیمانی کوردســتان دەیەوێت جێبەجێکردنی ئەم مادەیە بە شــێوەیەکی ئاشتیانە و بە پشــتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتــی بێت، بۆیە بۆئەوەی مادەی ١٤٠ وەک مادەیەکــی دەســتووری مادەیەکــی زیندوو بێت و چقڵی چاوی شۆڤێنیەکانی نێو پەرلەمانی عێراق بێت، دەبێت دەنگ بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردســتانی کە چەندین ساڵە پارێزەری ئەو مادە دەستووریە گرنگەیە، بۆ ئەوەی ویژدانمان بکەینە مەحەک و ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی نەوەکانی ئایندە نەبینەوە دەبێت ئەو ناوچە جێناکۆکانە بەشێوەیەکی ئاشــتیانە و دەســتووریانە بگەڕێنــەوە سەرهەرێمی کوردستان دەبێت دەنگ بدەین بەهاوپەیمانی کوردســتانی،هاوپەیمانی کوردســتان ســەربەرزانە بــە هەمــوو جیهانی ڕاگەیاندووە کەی مادەی ١٤٠ ئێکســپایەر بوو، شــتێک نامێنێت پێی بگوترێت یەکپارچەیــی خاکی عێراق. ئەم سیاسەتە پراگماتیزمەی هاوپەیمانی کوردستانی لە سیاسەتی عێراقدا پیادەی دەکات، ئــەو جیاوازیەیە کە هاوپەیمانی کوردستان لە قەوارە سیاسیەکانی دیکەی جیادەکاتەوە.

ب- بــا ســەیری چارەنووســی هێزی پێشــمەرگەی کوردســتان بکەین، وەک گاردو ســوپای پارێزەری کوردستان کە نەگۆڕێکی دیکەی سیاسەتی نیشتمانی هاوپەیمانــی کوردســتانە،دەنگدەران لە خۆتان بپرسن چەند جار مەسەلەی گاردو سوپای کوردســتان لەگەڵ ( فەیلەقی بەدر، ملیشــیاکانی ســەدر، هێزەکانی ســەحوە، هێزەکانی مەجالیسی ئینقاز.. هتد) تێکەڵکران و چەند هەوڵدرا گاردو سوپای پارێزەری کوردستان وەک ملیشیا لە ناو پەرلەمانی عێراقدا پۆلێن بکرێت؟ لە خۆتان بپرســن ئایا لەناو پەرلەمانی عێراقدا بێجگە لە هاوپەیمانی کوردستان دەنگێکی دیکە هەبووە بەرگری لە گارد و سوپای پارێزەری کوردستان بکات؟ ئێستا وردتر قسە دەکەین زیاتر لەسەر سیاسەتە نیشــتمانیەکانی هاوپەیمانی کوردستان ڕادەوەستین و دەڵێین لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هەتا ئێستاش بودجەی هێزی پێشمەرگە وەک بەشێک لە سوپای عێراق بە تەواوەتی نەخراوەتە نــاو بودجەی بەرگری عێراق و خەرجیەکانی ســەروەریی حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، بەڵام گاردو سوپای پارێزەری کوردستان بەشداری لەشەڕی تیرۆری شــارەکانی موســڵ، تکریت، دیالە و بەغــدا کردووە و بەشــاهیدی ژەنــراڵ پەتریۆس کە لە ســاڵی ٢٠٠٤ -٢٠٠٥ فەرمانــدەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە باکووری عێراق و لە ٢٠٠٨ بووە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەگەر هێزی پێشــمەرگەی کوردستان نەبوایە نە پرۆســەی ســەقامگیری لە موسڵ ســەرکەوتوو دەبوو، نە ئەو ناوچە کوردســتانیانەی دەڤەری موسڵ ئێستا ئاڵای کوردســتانیان لەسەر دەشەکایەوە. هەروەها هــەر بەدانپێدانانــی پەتریۆس ئەگەر یەکــە ســەربازیەکانی گاردی کوردستان نەگەیشتنایە بەغدا نەپرۆسەی (Surge) ســەرکەوتو دەبــوو، نەحکومەتی ئێستای عێراقیش حکومەت دەبوو، ئەم هەڵوێستە پراگماتیزمییانەی سیاســەتی نیشــتمانی هاوپەیمانــی کوردســتانی وایکرد هەمــوو عێراق بە ئەمریکاشــەوە ئیعتــراف بــە گاردی کوردستان بکەن، دەنگدەران کاتێک دەچنە سەرسندوقی دەنگدان ئەو ڕاستییە ببینن کە ئێســتا هێزێکی سێ قۆڵی هاوبەش ئارامی ناوچە جێناکــۆکان دەپارێزێت، ئەو هێزە سێ قۆڵیەش هێزەکانی گاردی کوردســتان و ســەربازەکانی ئەمریکا و ســەربازەکانی ســوپای عێراقە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا مەســەلەی بودجەی پێشــمەرگە لــە توخمــە گۆڕاوەکانی سیاســەتی هاوپەیمانی کوردستان بووە، هاوپەیمانــی کوردســتان قبوڵی کردووە بودجەی پێشــمەرگە دوابکەوێت، بەڵام قبوڵی نەکردووە ناسنامەی پێشمەرگەی کوردســتان گارد و پاسەوانی کوردستان بشــێوێنرێت و وەک ملیشیاکانی بەدر و سەحوەو سەدر و ئینقاز لە قەڵەمبدرێت.

ت- نەگۆڕێکــی دیکەی سیاســەتی نیشــتمانی هاوپەیمانی کوردســتانی لــە سیاســەتی عێراقیدا مەســەلەی خاوەندارێتــی ســەرچاوەی ســامانە سروشــتیەکانە، بەڵام لەناو ئەم سیاسەتە نەگۆڕەدا توخمێکی گۆڕاو هەیە ئەویش چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ داهاتی ســامانە سروشتیەکانی کوردستان لە ناو عێراقدا، ئەم سیاســەتە دوولایەنی زۆر هەستیاری پێکەوە گرێداوە، لەلایەک ئەم سیاسەتە پێداگرێت لەسەر خاوەندارێتی ســەرچاوە سروشــتیەکانی کوردستان ( نەوت وگاز)، بەڵام بوار بەوەش دەدات کە داهاتی ئەو سامانە سروشتیە بۆ هەموو هاوڵاتیانی عێراق بێت، ئەم سیاســەتە بە وانەیەکــی دیپلۆماتــی چۆنیەتی بەڕێوەبردنــی تەنگــژەکان و چۆنیەتی چارەســەرکردنی کێشــەکان دادەنرێت و دەبێت نــەک لە زانکۆکانی کوردســتان بەڵکو دەبێت لە ئامۆژگا بەناوبانگەکانی وەک گروپی قەیرانــە نێو دەوڵەتیەکان و سینکتاکســەکانی جیهــان توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەتا ئەو ڕایەڵە فیکریانە بدۆزرێتەوە کە ئەو دوو ئاســتەی پێکەوە گرێداوەتەوە، پێکەوە گرێدانەوەی ئەو دوو ئاستە ئەم گۆڕانکاریانەی لە سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق، سیاســەتی ئیقلیمی بەرامبەر بەعێراق، سیاســەتی نێودەوڵەتــی بەرامبەر ناوچەکە و عێراق و کوردستان دروستکردووە بەچەند خاڵێک ئاماژەیان پێدەکەین:

* ئەم سیاسەتە نیشتمانیەی هاوپەیمانی کوردســتانی پێکــەوە گرێدانــەوەو جیاکردنــەوەی نەگــۆڕ و گۆڕاوەکانی ئەم مەســەلە هەســتیارەیە، کە تیایدا داوادەکات حکومەتــی فیدراڵی عێراق دان بــە مافــی هەرێمی کوردســتاندا بنێت، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردســتان دان بەوەدا دەنێت کە هەرێمی کوردســتان بەشــێکە لە عێــراق و دابەشــکردنی داهاتیش لە دەســەڵاتە حەســریەکانی حکومەتــی فیدراڵیــە و ئامادەیــە ئەو داهاتە بەســەر تــەواوی عێراقیەکاندا دابەش بکرێت، ئەوەی جێگەی سەرنج و ڕامانە عەرەبە شۆڤێنیەکان لەم سیاسەتە تێدەگەن کــە هاوپەیمانی کوردســتان لەســەر پرانســیپی ماف و ناسنامە

**ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە نە پرۆسەی سەقامگیری لە موسڵ سەرکەوتوو دەبوو، نە ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەڤەری موسڵ ئێستا ئاڵای کوردستانیان لەسەر دەشەکایەوە**

سیاسەت دەکات و هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی پراکتیکی عەرەبی عێراق بە فیدرالیزم بگەنە قەناعەت، بەڵام قەوارە سیاسیەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی کوردستان ئەم سەروەرییە لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین دەکەن و دژی خۆیان تێکەڵاوی دۆشاوی حوسێن شەهرستانی دەکەن، بۆیە پێویستە دەنگ بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ ئەوەی چیدیکە پرۆپاگەندە بۆ قسەکانی حوسێن شەهرستانی لە کوردستاندا نەکرێت.

* دارشتنی یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان ئەو وەهمەی لای ئەو دەوڵەتانە سڕیەوە کە ئامانجی هاوپەیمانی کوردستان بۆ گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان مەسەلەی خاکە نەك داهاتی نەوتەکەی، هەروەها بەجیهانی سەلماند کە هەرێمی کوردستان بێجگە لەسەرچاوەی نەوتی کەرکوك خۆی لەسەر زەریایەك نەوتەو توانای ناردنە دەرەوەی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی لە رۆژێکدا هەیە، بۆیە ئەوانە بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئامانج لە گەڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە کورد ببێتە خاوەنی داهاتی خۆی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، هاوپەیمانی کوردستان بە جیهانی راگەیاند فەرموون بەبێ داهاتی نەوتی کەرکویش کوردستان هێندە سەرچاوەی هەیە دەتوانێت بژێوی خۆی پێدابین بکات بە کەرکوك و موسڵ یشەوە،بەڵام هاوپەیمانی کوردستان هەوڵەکانی بۆ بونیادی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیە، دەیەوێت سەرچاوەی ئەو داهاتە لەبەر دەستی خۆی بێت،ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هەر کەسێك دژی فیدراڵی و دیموکراتی بێت لە عێراقدا خۆی زەرەر بکات نەك کورد و کوردستانیەکان،ئەمەیە پێماندەڵێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە ئەزموونترە و ئەو سیاسەتە پراگماتیزمەی هاوپەیمانی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پیادەی دەکات، هێشتا لایەنەکانی دیکە فێری نەبوون و کەم ئەزموونترن، بارودۆخی ئێستای عێراقیش هێندە هەستیارە، وەك بەیدەبای فەیلەسوفی هیندی دەڵێت ( ناکرێت ژەهر بۆ تاقیکردنەوە بخورێتەوە) ئەمەیە داوامان لێدەکات کە دەبێت و پێویستە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لەسەر سندوقی دەنگدان ئینتیمای نیشتمانی و هۆشیاری سیاسیمان لەو ئاستەدا بێت، کە بەئاستی پێویست و لەسەر وردەکاریەکان سیاسەتی هاوپەیمانی کوردستان بناسینەوە، نەك (تای )هەڵبژاردن سەرمان لێ تێکبدات و دۆو دۆشاو تێکەڵبکەین.

## هۆشیاری و ئینتمای نشتیمانی بۆ ناسینەوەی چەمکی هاوڵاتیبوون

ئیشکالیەتێکی دیکەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق، بەداخەوە لەچەند ئاستێکدایە، واتە هەم لەسەر ئاستی قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، هەمیش لەسەر ئاستی قەوارە سیاسیەکانی عێراق، بۆیە هاوپەیمانی کوردستان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لەسەر دوو ئاست ئەرکی کەوتۆتە سەرشان کە ئیشکالیەتی هاوڵاتیبوون راستبکاتەوەو هەوڵبدات بانگێشەی هەڵبژاردنەکانی بەوجۆرە بێت کە هۆشیاری نیشتمانی تاك و ئینتیمای تاك بۆ کوردستان تێگەیشتنی بۆ مانای هاوڵاتیبوونی لە عێراقدا لێ تێکنەچێت، ئەم واقیعە بە پراکتیکی لە هەردوو شاری هەولێر و دهۆك و ناوچە کوردستانیەکانی دەڤەری نەینەوا، وەك کۆدەنگیەك بۆ مەفهوومی چەمکی هاوڵاتیبوون و ئینتمای نیشتمانی بۆ خاکی کوردستان هیچ ئیشکالیەتێك لە نێوانیاندا دروست نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی تاکی کوردستانی لەوناوچانە هەستدەکات، داوای ئیعترافکردن لە حکومەتی فیدراڵی عێراق بەناسنامەی ئەو تاکە بکات وەك تاکێکی کوردستانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەو تاکە کوردستانیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیعترافی پێنەکرێت وەك تاکێکی کوردستانی، ئەوا نابێتە هاوڵاتیەکی عێراقی کە خاوەنی ماف و ناسنامەی نەتەوەیی بێت، لەمەشدا مەبەستمان لە ناسنامەی نەتەوەیی ناسنامەی نەتەوەیی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانە نەك تەنها کورد، هەر بۆ نموونە تاکێکی تورکمان نابێتە هاوڵاتیەکی عێراقی ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی عێراق وەك تاکێك کە نەتەوەکەی تورکمانە لە هەرێمی کوردستاندا ئیعترافی پێنەکات، کریستیانێك نابێتە عێراقی ئەگەر حکومەتی عێراق وەك تاکێك کەسەر بە نەتەوەی کلد و ئاشورە وناسنامەی کوردستانیە،بۆیە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی تێکڕای قەوارە سیاسیەکانی ئەو سێ ناوچەیە ( هەولێر، دهۆك، ناوچە کوردستانیەکانی دەڤەری نەینەوا) ئەو چەمکە باڵا دەستە کە هاوڵاتیبوونی تاکی کوردستانی لە عێراقدا بە ئیعترافکردن بە هاونیشتمانیبوونی هەرێمی کوردستان گرێدەداتەوە، بۆیە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی گشتی ئارامە و دەنگدەر دەزانێت چۆن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا رەفتار دەکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێك هەوڵی لابەلا هەیە بۆ تێکەڵکردنی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاراستە نیشتمانیەکە بۆ سەلماندنی هاونیشتمانیبوون وەك هەنگاوی یەکەم بۆ سەلماندنی هاوڵاتیبوون لە عێراقدا زاڵترە ئەو هەوڵانە کاریگەری ئەوتۆیان نیە ئەمە نیشانەیەکی بەرزی هۆشیاری سیاسیە کە تاکی کوردستانی لە ژێر سایەی سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناویدا پەروەردە بووە و ئەو پەروەردە سیاسیە فێری کردووە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی ( نیشتمانی عێراق، نیشتمانی کوردستان، پارێزگاکان، شارەوانیەکان ) لە یەکتری جیابکاتەوە.

## کوردستانین ئینجا عێراقین

گەورەترین شەڕی سیاسیی کە دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئادار رووبەرووی دەبینەوە، شەڕی ناسنامەی تاکی کوردستانیە ئینجا داوای مافی هاووڵاتیبوونی عێراقیشە، ئێمە لە بەشەکانی پێشووی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان بە ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا کرد، کە چۆن بەپێی ئەو دەستووره فیدرالیەی بۆ یەکێتی ئەوروپا دارێژراوە مافی هاووڵاتیبوونی لەناو یەکێتی ئەوروپا دیاریکراوە، ئێستا دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا بەکردەیی هەرێمە فیدرالیەکانی ناو فیدراسیۆنی

**هاوپەیمانی کوردستان قبوڵی کردووە بودجەی پێشمەرگە دوابکەوێت، بەڵام قبوڵی نەکردووە ناسنامەی پێشمەرگەی کوردستان بشێوێنرێت و وەك ملیشیاکانی بەدر و سەحوەو سەدر و ئینقاز لە قەڵەمبدرێت**

یەکێتــی ئەوروپان،ئەگەر لەم ئەزموونەوە بمانەوێت فێری ئەوەبین چۆن ناسنامەی نیشتمانی کوردستانی و هاوڵاتیبوونمان لــە چوارچێــوەی عــێراق پێکــەوە گرێدەینەوە،ئەوا دەبێت هەڵوەســتە لەسەر دەســتووری فیدرالی یەکێتــی ئەوروپا بکەین،مارگرێت گۆس لە دیراسەتێکیدا بە ناونیشــانی مەفهومی هاووڵاتیبوون : هاوڵاتیبوونی ئەوروپا وەك ناسنامەی نیشتمانی ؟

(The Citizenship Concept: European Citizenship a 'National' Identity?)

چەمکی هاوڵاتیبوون (سیتیزنشیپ) دەگەڕێتــەوە بۆ چەمکی هاوشــاری سەردەمی دەوڵەتە شارەکانی ڕۆمانەکان و پێماندەڵێت هاوشاری بەرامبەر هاووڵاتی بووە هەتا سەردەمی ڕێنیساس کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا دروســت بوو، دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی چەمکی هاوڵاتیبوون بوو بە مانای ئەندامبوونی تــاك لە دەوڵەتی نەتەوەیــی بەپێی ئەم چەمکەش هاووڵاتیبــوون هەموو ماف و ئەرکێکــی لەو دەوڵەتــە نەتەوەییە بۆ دیاریدەکرێت و دەبێت پێوەی پابەند بێت، بەڵام پرســیار لێرەدا ئەوەیــە ئایا کاتێك ئەو دەوڵەتە نەتەوەیە خاوەن سەروەریانەی ئەوروپــا دەبنــە ئەنــدام لەیەکێتــی ئەوروپا،چــۆن چەمکــی هاووڵاتــی بوون پێناســە و ڕاقــە دەکرێت؟ ئەمەش لەبــەر ئەوەیە چەمکــی هاووڵاتیبوون کە بۆ ئێســتای یەکێتــی ئەوروپا ئەم گۆڕانکاریانــەی بەســەردا هاتــووە( هاوشــاری، هاو نەتەوە،هاونیشــتمان، ئێستا دەبێتە هاوکیشوەر)لەوانەیە ئەگەر بیرۆکەی حکومەتی جیهانی سەرکەتوو بێت،جارێکی دیکە چەمکی هاووڵاتیبوون ئاستی کیشوەریش ببەزێنێت و لە ئاستی گلۆباڵدا خۆی بەرجەستە بکاتەوە، ئەوکاتە دەبێتــە ( هاوجیهانی)،ئاماژەکردن بەو ڕەهەندە دوورانەی چەمکی هاوڵاتیبوون لە عێراقدا بــۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی دیکەی بەرنامەی لیســتی هاوپەیمانی کوردستانیە کە بە هاوڵاتیانی کوردستان و عێراقیش دەڵێت:

١-هاوپەیمانــی کوردســتانی کــە نوێنەرایەتی هاونیشــتمانیانی قەوارەی سیاســی و جوگرافــی و مێژوویــی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا دەکات،لە کرانەوە تێکەڵاو بوون ناترسێت و بڕوای بە پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە هەیە بۆ درێژەدان بــە برایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردســتان و برایەتی کورد و عەرەب لــە عێراقدا.ئــەم برایەتیەش لە هەرێمی کوردســتاندا بە پابەندبوون و جێبەجێکردنــی دەســتووری هەرێمی کوردســتان دەپارێزرێت و لە عێراقدا بە پابەندبــوون و جێبەجێکردن دەســتووری عێراق دەپارێزرێت.

٢-هاوپەیمانی کوردســتانی کاتێك وەك نوێنــەری گەلــی کوردســتان داوا لە پەرلەمانــی عــێراق دەکات ئیعتراف بە ناسنامەی کوردستانی گەلی کوردستان بــکات بۆ ئــەوەی تاکەکانــی گەلی کوردستان بە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ببنە هاوڵاتــی عێراقی، هەر وەك چۆن هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا دوای ئەوەی دەوڵەتەکەیان دەبێت بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپا ئۆتۆماتیکی دەبنــە هاوڵاتــی ئەوروپــا، دەبێت لە عێراقیشدا بەوجۆرە بێت، یەکێتی ئەوروپا کاتێك دەوڵەتێــك دەکاتە ئەندامی خۆی دەبێت دەســتووری ئەو دەوڵەتە لە هیچ ڕوویەکــەوە پێچەوانــەوە نەبێت لەگەڵ پرانســیپەکانی دەســتووری یەکێتــی ئەوروپــا، چۆن یەکێتــی ئەورپا مافی نەتەوەیی و نیشــتمانی دەوڵەتی ئەندام دەپارێزێت، دەبێت دەوڵەتی ئەندامیش لەو یەکێتیە مافی پێکهاتە ئیتنی و ئایینیە جیاوازەکان بسەلمێنێت.بەداخەوە ئێستا لە عێراقدا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بۆتەوە یەکێتی ئەوروپا مــەرج بۆ ئەندابوون لە فیدراســیۆنی ئەوروپا بۆ ئەندامەکانی دادەنێت، بەڵام هاوپەیمانی کوردســتانی هەمــوو ئامانجــی بۆتە ئــەوەی ئەو دەســتوورە بپارێزرێت کە فیدراســیۆنی عێراقی پێکدەهێنێــت، بۆیە دەنگدان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگدانە بۆ ســەرکەوتنی فیدرالی لــە عێراقدا و دەنگدانــە بۆ دیاریکردنی ســنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

٣-بەرنامــەی لیســتی هاوپەیمانــی کوردســتان بۆ جیاکردنەوەی مەفهومی عێراقیبــوون و عەرەب بوون و کورد بوون و تورکمــان بوون و ئاشــوری و کلدانی بوونە لــە عێراقدا، بەرنامەی لیســتی هاوپەیمانی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی مەفهومــی ئایییــن و نەتــەوە و جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتە لەیەکتری، هاوپەیمانی کوردستانی لە ناو هەرێمی کوردســتان بەوجۆرە هاونیشــتمانیانی کوردستان بۆ هاوڵاتیبوونی عێراق ئامادە دەکات، کــە هاوڵاتیبوون لــە عێراقدا لەسەر حســابی هاونیشتمانی کوردستان نیە، بەڵکــو هاوڵاتیبوون لــە عێراقدا تەواوکاری چەمکی هاونیشتمانیبوونی کوردســتانە،هاوپەیمانی کوردســتانی هاوڵاتیانــی خــۆی بەوجــۆرە بــۆ هاوڵاتیبوون لــە عێراقدا ئامادە دەکات، کــە تورکمان هەر تورکمانــە و تاکێکی نەتەوەی تورکمانەو کوردســتانیە ئەوجا شیعە بن یان سونە، کلد وئاشور تاکێکی نەتەوەی کلدوئاشورن لە کوردستان ئەوجا کریســتیان بن یان کریستیان نەبن، کورد تاکێکی نەتەوەی کوردەو کوردســتانیە ئەوجا ئەو تاکە ســونە بێت یان شــیعە، ئێزیدی بێت یان کاکەیی.

٤-هاوپەیمانــی کوردســتانی دەیەوێت جارێکــی دیکە لە عێراقدا پێناســەی چەمکــی نەتەوەیی بۆ هەمــوو نەتەوە جیاوازەکانــی عێراق بــۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی عێراق بکرێتەوە،بە ئاشــکرا ڕایگەیانــدووەو چەندیــن ساڵیشــە لە هەرێمی کوردســتان پیــادەی دەکات و پێوەی پابەندە کە نەتــەوە هەر نەتەوەیە کەمینــە و زۆرینە نابێت بوونی هەبێت، ئایین هەر ئایینە و بە زۆری پێڕەوکەران و شــوێنکەوتوانی پۆلێــن ناکرێــن و دەبێت مافی ئــازادی ئایین و ڕادەبرین بــۆ هەمــوان دەســتەبەربکرێت،هەوڵی هاوپەیمانی کوردستان بــۆ ئەوەیە ئەم واقیعەی کوردســتان بۆ ئاستی عێراق بەرزبکاتــەوەو پێیانبڵێــت، نابێــت لە عێراقیشــدا نەتەوە بەزۆرینە و کەمینە پۆلیــن بکرێن و براگــەورە و برابچووك لە وتەیەکی پڕوپووچ بەولاوە هیچی تر



نەتەوە هەر نەتەوەیە کەمینە و زۆرینە نابێت بوونی هەبێت، ئایین هەر ئایینە و بە زۆری پێڕەوکەران و شوێنکەوتوانی پۆلێن ناکرێن و دەبێت مافی ئازادی ئایین و ڕادەبرین بۆ هەموان دەستەبەر بکرێت، هەوڵی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوەیە ئەم واقیعەی کوردستان بۆ ئاستی عێراق بەرزبکاتەوەو پێیانبڵێت، نابێت لە عێراقیشدا نەتەوە بەزۆرینە و کەمینە پۆلین بکرێن و براگەورە و برابچووك لە وتەیەکی پڕوپووچ بەولاوە هیچی تر نییە

نییە،نابێت ڕێزی ئایینەکان بە کەمی و زۆری شوێنکەوتوانی ڕێزی لێبگرێت، ئایین هەر ئایینە شوێنکەوتوانی کەم بن یان زۆر، هەروەك لە ڕۆژئاوای لیبرال دیموکراتی و لە وڵاتێکی گەورەی وەك بەریتانیا یان فەرەنسا ئەگەر ١٠٠ موسڵمانیش هەبێت ڕێز لە ئایینی ئیسلام بە هاوتای کەنیسەی فاتیکان دەگرێت،ئەمە بڕوا بوونە بە ئازادی بە یەکسانی کە دەبێتە بنەمای هاوڵاتیبوون بۆ پاراستنی جیاوازیە ئایینی و ئیتنی و نەتەوەییەکان نەك سڕینەوەیان کە هەتا ئێستا لە عێراقدا بەو مەفهومە لەگەڵ هاوڵاتیبوون مامەڵە دەکرێت.

٥-لە پرۆسەی مانادان بە هاووڵاتیبوون لە دەستووری یەکێتی ئەوروپادا وەڵامی چەندین پرسیار دراوەتەوە کە هەتا ئێستا لە عێراقدا بێ وەڵامن وەك، ئایا چۆن چەمکی هاوڵاتیبوون لە ناو یەکێتی ئەوروپا ڕاڤە دەکرێت؟ ئایا ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی توخمێکی پێویستن بۆ هاوڵاتیبوون لە یەکێتی ئەوروپادا؟ئایا بوون بە هاولاتی یەکێتی ئەوروپا تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر مانای هاووڵاتیبوون؟ پرۆفیسۆر پریسی بی لیهینگ لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێت لەسەدەی بیستەمدا چەمکی هاوڵاتیبوون بە یاسا چەند مافێکی بۆ دیاریکراوە وەك مافی سیاسیی، مافی کولتووری، مافی سۆشیال،ئەگەر لە باکگراوەندێکی تیۆریشەوە سەیری هاووڵاتیبوون بکەین دەبینین دوو توخمی گرنگ پێکەوە گرێدەداتەوە کە ئەویش ( ماف و ناسنامەیە)، ئەم ماف و ناسنامەیە تەنها بۆ هاوڵاتیانی دەوڵەتی ئەندام لەیەکێتی ئەورپا نیە، بەڵکو ئەو پەناهەندانەش دەگرێتەوە کە لەسەر خاکی یەکێتی ئەوروپا لەدایکدەبن یان بەهۆی نزیکی و تێکەڵی خوێنەوە لە یەکێتی ئەوروپا یەکدەگرنەوە،کە مافی هاوڵاتیبوونیشی دەداتێ نە ناسنامەی نیشتمانی و نە ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوت ناکات، هەر بۆنموونە ئەگەر پەناهەندەیەکی کورد مافی هاوڵاتیبوونی لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا وەربگرێت، هاوڵاتیبوونی ئەڵمانیایی مافی ناسنامەی کورد بوون و ناسنامەی هاونیشتمانی عێراقی لێ وەرناگرێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ژمارەی ئەو پەناهەندانە زۆربن کە مافی هاوڵاتیبوون لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا وەردەگرن، هێندەی دیکە ئەرکی ئەو دەوڵەتە قورس دەکەن و دەبێت قوتابخانەشیان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەکوردی بخوێنن و هەروەها ڕێگەیان پێدەرێت

**بەریتانیا یان فەرەنسا ئەگەر ١٠٠ موسڵمانیش هەبێت ڕێز لە ئایینی ئیسلام بە هاوتای کەنیسەی فاتیکان دەگرێت**





کەناڵــی مدیایــی بینــرا و بیســتراو نووســراویان بەزمانی خۆشــیان دەبێت، ئەمــەی ئاماژەمان پێکــرد مافی ئەو هاوڵاتیانەیــە کــە پەناهەنــدەن و دەبنە هاوڵاتی ئەو دەوڵەتانەی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام هاوپەیمانی کوردســتانی ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەرلەمانی عێراق فێــر بکات مانــای هاوڵاتیبوون هەموو ئەو مافانــە دەگرێتەوە کــە بە مرۆڤ دەدرێــت، نــەک گەلێکــی وەک گەلی کوردســتان کە ژمارەی دانیشتوانی یەک لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانی هەموو عێراق پێکدەهێنێت، کەچی هێشتا مافی هاوڵاتیبوونی پێ ڕەوا نابینرێت.

لێــرەدا دەڵێین هەوڵــدان و خەبات لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کارێکی ئاڵۆز و هەستیارە، گەلێگ جار هێندەی پێویستی بە ئارامی و واقعبینــی و پراگماتیکی هەیە بــۆ ئەوەی بەرامبــەر لە چەمکە سیاسیە تازەکان تێبگەن، هێندە پێویستی بەدەنگ بەرزکردنەوە و خۆتوڕەکردنەوە نیە، بۆیە کاتێك دەچینە سەر سندوقی دەنگدان دەبێــت دەنگ بەو لیســتە بدەین کە لەم پرۆسەیەدا خاوەنی ئەزموون و سەرکەوتن بــووە، دەبێــت دەنگ بەو کاندیدانە بدەین کە دەتوانن لە ناو پرۆسەی دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەدا هاوسەنگی لەنێوان ناسنامەی نیشتمانی کوردستانیبوون و هاوڵاتیبوون لە عێراقدا رابگــرن، دەنگدەران لە بیرتــان بێت ئەو لیستەی ئەو جیاوازیانەی تێدایە لیستی هاوپەیمانی کوردستانە و ئەو کاندیدانەی ئەو تایبەتمەندیەیــان تێدایە کاندیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

**خەبات لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کارێکی ئاڵۆز و هەستیارە، گەلێگ جار هێندەی پێویستی بە ئارامی و واقعبینی و پراگماتیکی هەیە بۆ ئەوەی بەرامبەر لە چەمکە سیاسیە تازەکان تێبگەن، هێندە پێویستی بەدەنگ بەرزکردنەوە و خۆتوڕەکردنەوە نیە**



## كریستیان ویلزیل بۆ گوڵان:

# كاتێك باسی ئابووری دەكەم مەبەستم لە سامانی نەوت نییە بەڵكو مەبەستم ئەو سەرمایە عەقڵی و مەعریفییەیە كە ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەكەدا هەیە



**پرۆفیسۆر كریستیان ویلزیل ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی جاكۆب و جێگری سەرۆكی ڕێكخراوی ڕوپێوی بەها جیهانییەكانە(World Values Survey) و یەكێكە لە نوسەرە دیارەكانی گۆڤاری بەناوبانگی فۆرین ئەفێرز نوسەری توێژینەوەی ( چۆن پەرەپێدان بەرەو دیموكراتیمان دەبات) سەبارەت بەگرنگی پەرەپێدان بۆ بونیادی دیموكراتی و وەك فاكتەرێك بۆ گەشەسەندنی كلتوری دیموكراتی، پرۆفیسۆر ویلزیل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان دەبنە هۆكارێك بۆ سەركەوتنی پرۆسە دیموكراسییەكە و بۆ دروستكردنی كلتوری دیموكراسی؟**

- ئەمە پرسیارێكی قورسە، ئەوەی گرنگە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی دیموكراسی پەرەپێدان و چەسپاندنی بەهاگەلێكی دیاریكراوە، كە ئەمەش كارێكی ئاسان نییە بتوانرێت لە ڕێی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانەوە ئەنجام بدرێت، چونكە ئەمە پەیوەست بە هەل و مەرجە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانەوە كە پێویستن بۆ ئەوەی دامەزراو دیموكراسییەكان بتوانن تێیدا درێژە بە كارەكانی خۆیان بدەن.

*** پرسیارەكە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك دەتوانرێت ئەم فرەحزبییە بكرێتە ئامرازێك بۆ دروستكردنی كولتووری دیموكراسی؟**

- ئەوە شتێكی ڕاست و دروستە، دەبێت خەڵكی ئەو ڕاستییە بزانن كە بوونی دیموكراسی، بوونی بیروبۆچونی جیاواز، فرەحزبی و موعارەزە لەخۆدەگرێت، كە دەبێت ڕێز لەم بیروڕا جیاوازەكان بگیرێت و بە لێبوردەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، بە پێچەوانەوە چیتر خەڵك كۆشش ناكات بۆ هێنانەدیان.

*** شارەزاكانی بواری دیموكراسییەتی لیبراڵی سیستمەكە دابەش دەكەن بەسەر بازاڕی ئازاد، دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەكاندا، ئایا چۆن ئەم لایەنانە دەتوانن ببنە هۆكارێكی ئیجابی بۆ بەرەوپێشبردنی كولتووری دیموكراسی، هەروەها ئایا لە ئەڵمانیادا ئەمە بەدی دەكرێت و كولتوورێكی باشی دیموكراسی بوونی هەیە؟**

- ئەڵمانیا بە یەكێك لە وڵاتە گەشەكرد و پێشكەوتووەكان دادەنرێت و لە ڕاستیدا دیموكراسیەتێكی پێگەیشتوو هەیە لەم وڵاتەدا، بەڵام بە ئاستی وڵاتانی ئەسكەندەنافیا نییە، ئەگەرچی دیموكراسی لەو وڵاتانەشدا میسالی نییە و كەموكوڕی هەیە، واتە هەمیشە بوار هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی دیموكراسی تەنانەت لە وڵاتە پێشكەوتووەكانیشدا.

هەروەها لەو سێ لایەنەی لە پرسیارەكەتاندا ئاماژەی پێدەكەن، من پێم وایە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێكی گرنگتر دەبینن.

*** وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست گەشەكردووترن لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لە كاتێكدا وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێشكەوتووترن لەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی یەكێتی سۆڤیەتدا بوون، هۆكاری ئەم جیاوازییانە چین؟**

- من پێم وایە ئەمە پەیوەستە بە ئاستی گەشەكردنی ئابوورییەوە، چونكە بەرەوپێشچوونی كولتووری دیموكراسی پەیوەندی بە گەشەكردنی ئابوورییەوە هەیە و ئەوەی ئێوەش ئاماژەی پێدەكەن لە جیاوازی نێوان وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و جیاوازی نێوان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پێشتر لەژێر كۆنترۆڵی یەكێتی سۆڤیەتدا بوون بۆ ئەم هۆكارە دەگەڕێتەوە.

*** بەڵام ئەنجام و بەرهەمی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموكراتیكردندان جیاوازە لە ئەندامی هەڵبژاردن لە وڵاتە ڕۆژئاواییەكان، یاخود لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، ئایا ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لە لایەكەوە ئەمە مەسەلەیەكی سادەیە و لە لایەكی دیكەشەوە سادەنییە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بتوانرێت ئاستی گەشەكردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری وڵاتەكە باشتر بكرێت، ئەوا دەتوانرێت پەرە بە بەها و كولتوورێك بدرێت كە یارمەتیدەربن لە چەسپاندن و پیادەكردنی دیموكراسی، لە هەمان كاتدا بۆ چەند دەیەیەك لێكۆڵینەوە دەكرێت لە بواری ئەوەی بۆچی هەندێ وڵات دەوڵەمەند و هەندێكی دیكە بە پێچەوانەوە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی

**بوونی دیموكراسی، بوونی بیروبۆچونی جیاواز، فرەحزبی و موعارەزە لەخۆدەگرێت، كە دەبێت ڕێز لەمبیروڕا جیاوازەكان بگیرێت و بە لێبوردەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت**



ئەگەر نەتوانرێت ئەدای ئابووری وڵاتەکە باشتر بکرێت، ئەوا ناتوانرێت بە ئاسانی پرۆسە دیموکراسییەکە بەرەوپێشببردرێت. هەروەها بوونی دەوڵەتگەلێکی دیموکراسیش لە دەوروبەردا هۆکارێکی یارمەتیدەرە. لە ڕاستیدا کاتێك باس لە بەرەوپێشچوونی ئابووری دەکەم، من ئاماژە بە نەوت ناکەم، مەبەستم ئەوەیە من باس لە دەوڵەمەندی وڵاتان ناکەم بەهۆی بوونی نەوت یاخود سەرچاوە سروشتییەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی، وەك ئەوەی لە وڵاتانی بەحرەین،ئیمارات و سعودیەدا بەدی دەکرێت، من ئاماژە بە ئابووری مەعریفە دەکەم، کە تێیدا لە ڕێی پەرەپێدانی توانا و کەفائەتە عەقڵییەکانەوە دەکرێت ئەو بەرهەمانە دروست بکرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکەدا، واتە ئەو سەرمایە عەقڵی و مەعریفیەی کە ڕۆڵیان هەیە لە گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکەدا.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە هەڵبژاردنەکانی عێراق گرنگن بۆ دیاریکردنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، هەروەها پێشبینی ناکەن ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجامێکی دیموکراسییان لێبکەوێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە هەڵبژاردنێك دەڕوانیت کە نەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەس نییە بۆ ئەوەی بانگەشەی بوونی دیموکراسی بکەین، هەروەها بە تیڕوانینی من زەحمەتە بتوانین پەرە بە دیموکراسی بدەین لە وڵاتێکدا کە لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی نەکردبێت.

*** ئایا وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ناچارن هەم ئەزمونی ڕابردووی وڵاتە گەشەکردووەکان دووبارە بکەنەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی ئەو وڵاتانە؟**

- نەخێر ناچار نین و لە بەرە ئەوەی دەتوانن بە لێکۆڵینەوەی لە مێژووی ئەو وڵاتانە خۆیان لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکان بپارێزن و دەرسی پێویست لە ڕابردووی ئەو وڵاتانە وەربگرن.

زەحمەتە
بتوانین پەرە بە
دیموکراسی بدەین
لە وڵاتێکدا کە لە
ڕووی ئابوورییەوە
گەشەی نەکردبێت

## لیڤنتی لیتاڤی بۆ گوڵان:

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگن بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی لەبەر ئەوەی هەم سیاسییەکان و هەم خەڵک هاندەدات بۆ ئەوەی داوای مافی خۆبەڕێوبردن بکەن



**پرۆفیسۆر لیڤنتی لیتاڤی ئوستادی زانستی سیاسییە لە زانکۆی سێنترال یۆروپ و تۆژەر لە سەنتەری دیراساتی کێشە و کەموکورتییەکانی دیموکراسی، بۆ قسەکردن سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەراوردکردنی لەگەڵ دیموکراتییەکانی پرۆفیسۆر لیتاڤی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بوونی سیستمی فرەحزبی لە کۆمەڵگەدا نیشانە و هۆکاری بوونی دیموکراسییە، کە ئەمەش بە مانای بوونی دید و بۆچوون و تیڕوانینی جیاواز دێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك دەتوانرێت ئەم فرەحزبییە بکرێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی کولتووری دیموکراسی؟**

- سیستمی فرەحزبی (یاخود بوونی زیاتر لە پارتێکی سیاسی) (یاخود سیستمی ناحزبی کە دەنگدەران توانای ئیختیاریان هەبێت لە نێو پاڵێوراواندا) لە بەدیهێناتی دیموکراسین. کەواتە موناقەشەکردنی ئەم بابەتە موناقەشە هەڵناگرێت .لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەمە سیستمی دیموکراسی بوونی نییە، هەروەها بێ بوونی ئەم حاڵەتە کولتووری دیموکراسی بەرەوپێشناچێت. لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی قورسە. بەڵام کێشەکە لە ژمارەی پارتە سیاسییەکاندا نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئایا خەڵکی ئیختیاری مەنتیقیان لەبەردەستدایە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تەنها دوو پارتی سیاسی هەیە، بەڵام پاڵێوراوەکانی ئەو پارتانە لەو کۆبونەوانەدا دەستنیشان دەکرێن کە پێش هەڵبژاردنەکان گرێدەدرێن. کە تێیدا ٥ بۆ ٦ پاڵێوراوی دیموکراتییەکان ڕکابەری یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی ببنە پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ هەر پۆستێك کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە یەکلابکرێتەوە. کەواتە خەڵکی ئیختیاریان لەبەردەمدایە. سیستمی فرەحزبی بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتی هۆڵەندا هەیە دەتوانێت ئیخیتاری جیاواز و مەنتیقی بخاتەڕوو کە تێیدا خەڵکی ئیختیاری ئەوەیان هەیە لە نێوان ٥ بۆ ٦ بۆ ٧ پارتی سیاسیدا هەڵبژاردن بکەن. بە دڵنیاییەوە بوونی ئیختیارێکی زۆریش مایەی کێشەیە. تۆ ناتەوێت ٢٠-٣٠ پارتی سیاسی بوونی هەبێت لە پەرلەماندا، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا پێویست بە هەمەهانگییەکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی پارتەکان بگەنە ڕێککەوتن. ئەوە ئاشکرایە کە عێراق بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش بووە کە هەر ناوچەیەك پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەبەر ئەوەی ئەگەر فرەحزبی سەرهەڵبدات (کە هەر یەکەیان لە یەکێك لەم ناوچانە دەربکەون) ئەوا لە ناوچەیەکی دیاری کراودا خەڵکی ئیختیارێکی مەنتیقی لەبەردەمدا نابێت. هەروەها ڕەنگە دابەشبوونەکە ئەوەندە بەهێزبێت کە خەڵکی ئامادەنەبن دەنگ بە هیچ کەسێکی دیکە بدەن جگە لەو پارتانەی کە سەر بە گروپە ئاینی یان ئیتنیەکەی خۆیانە.

*** بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك دیموکراسی قبوڵ بکات دەبێت کولتووری دیموکراسی لە ئارادابێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆکارێك بۆ سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراسییەکە و بۆ دروستکردنی ئەم کولتوورە؟**

- هەڵبژاردنێکی ئازاد و عادیلانە بەردێکی سەرەکی بناغەی دیموکراسییە. بێ بوونی ئەم هەڵبژاردنانە باسکردن لە پرۆسەی دیموکراسی هیچ سوودێکی نییە.

*** شارەزاکانی بواری دیموکراسییەتی لیبراڵی سیستمەکە دابەش دەکەن بەسەر بازاڕی ئازاد، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکاندا، ئایا چۆن ئەم لایەنانە دەتوانن ببنە هۆکارێکی ئیجابی بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری دیموکراسی؟**

-هەموو ئەو هۆکارانە گرنگن، بەڵام من لێرەدا جەخت لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەمەوە. دەکرێت بیروڕای پارتە سیاسییەکان زۆر نادیموکراتیانە بێت لەبەر ئەوە ئەمە بە تەنها بەس نییە. کۆمەڵگەی مەدەنی هەم سیاسییەکان و هەم خەڵك هان دەدات بۆ ئەوەی داوای مافی خۆبەڕێوەبردن بکەن. ئەمە کارێکی زەحمەتە کاتێك وڵاتەکە مێژوو کولتووری هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی نەبێت. بەڵام هەر دەبێت پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئەم کولتوورە دەست پێبکات. بازاڕی ئازاد گرنگە لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی بەروپێشبردنی هۆشیاری و چینێکی ناوەڕاستی هۆشیار. ڕەنگە کەسێك ئەو دەرئەنجامە بکات کە لە کۆمەڵگەی بازاڕی ئازاددا ئەوەی ئاستی پەروەردەی بەرزترە باشتر دەتوانێت ململانێی بکات. ئەوان ئاستی پەروەردەی خۆیان بەرزدەکەنەوە

عێراق بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش بووە کە هەر ناوچەیەک پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر بەرەوپێشچوونی دیموکراسی

بۆ ئـــەوەی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، بە ئومێدی ئەوەی ئەمـــە دەرفەتی ئابووری باشـــتریان بۆ بڕەخســـێنێت. هەروەها ئەمە دەبێتەهۆی دروســـتبوونی چینی ناوەندی هۆشیار کە داوای مافەکانی خۆی دەکات و بەشداری لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکات.

*** ئـــەوەی پەیوەســـت بێـــت بە ئاســـتی بەرەوپێشـــچوونی پرۆســـەی دیموکراتیەوە ئێمە جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێـــو وڵاتاندا بۆ نموونە، وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاســـت گەشـــەکردووترن لـــە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لە کاتێکدا وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێشـــکەوتووترن لەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ســـۆڤیەتدا بوون، هۆکاری ئەم جیاوازیانە چین؟**

- من دڵنیانیـــم لەوەی ئێوە مەبەســـتتان چییە لە وڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپـــا. من پێم وایە جیـــاوازی هەیە لە نێـــوان وڵاتانـــەی دوای کۆمۆنیســـتی و وڵاتانی دوای یەکێتی ســـۆڤییەت. زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپای دوای کۆمۆنیســـتی مێژویەکی دیموکراتیانەیان هەبووە، هەروەها خاوەنـــی کولتـــووری دیموکراســـی بوون، لەگـــەڵ هەڵبژاردنی ئـــازاد و عادلایانە و هتـــد. کۆمۆنیزم کۆتایی بەمـــە هێنابوو، بـــەڵام گەڕانەوە بـــۆ دۆخی پێشـــوو کە دۆخێکی دیموکراتی بوو کارێك بوو هێندەی پەرەپێدانـــی کولتـــووری دیموکراســـی لە وڵاتێکدا دیکەدا زەحمەت نەبوو کە تەواوی مێژووەکـــەی بریتـــی بوبێت لـــە حوکمی شـــمولی. من باوەڕم وایە ئەمە تەفسیری سەرکەوتنی دیموکراسییە لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و شکستهێنانی وڵاتانی دیکە لە پەرەپێدانی دیموکراسی. ئەمە پێویستی بە کاتە، بەڵام هەر دەتوانن پێی بگەن.

*** بـــەڵام ئـــەم جیاوازییـــە لـــە نێـــوان هەڵبژاردنەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیشـــدا دەبینرێت؟**

- ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئەوەیە حکومەتەکان کەمتر ســـەرکەوتوون، ئەوا ئەمە ڕاست و دروستە. دیموکراسییە نوێیەکان ڕووبەڕووی کێشـــەی نەبوونـــی ئەزموون لـــە بواری حکومکردنـــدا دەبنەوە، هەروەها ڕوبەڕووی ئـــەو خەڵکانە دەبنەوە کە کەمتر ئامادەییان تێدایە بۆ قبوڵکردنی سیستمی دیموکراتی، لەگەڵ دۆخێکی ئابووری زۆر خراپ، لە عێراقدا هێزە دەرەکییەکان لە ســـەر خاکی ئـــەو وڵاتەن. بـــەڵام تاکـــە ڕێگایەك بۆ چارەســـەرکردنی ئەم حاڵەتە باشترکردنی دۆخـــی ئەمنییـــە، لەگـــەڵ پەرەپێدانی چینێکی خوێندەوار کە ئاســـتێکی بەرزی پەروەردەیـــان هەبێت لەگـــەڵ پەرەپێدانی کۆمەڵگـــەی مەدەنیـــدا، هەروەها دەبێت بەردەوام قەناعەت بـــە هاوڵاتیان بهێنرێت کە ئەمە سیســـتمێکی باشـــە بۆ ئەوەی قبوڵی بکەن، دەبێـــت دۆخی کۆمەڵگە لە ڕووی ئابوورییەوە بەرەوپێشـــببردرێت، بۆ ئەوەی خەڵك ژیانێکی باشـــتریان هەبێت، هەروەها بـــۆ ئەوەی ئەزمـــوون لە بواری حکومڕانیکردندا بەدەست بهێنن. ئەم بوارانە بە ســـتی بەرەوپێش دەچن و دۆخەکەش بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ بەرەوپێشدەچێت. من دەزانم خەڵـــك خوازیارە بە خێرایی دۆخەکە بگۆڕێت، بەڵامە ئەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەمـــە پرۆســـەیەکی فێربوونی لەسەرخۆدەبێت. هەروەها ئەمە پرۆسەیەکە دەبێـــت هەموو ئەو وڵاتانە پێیدا تێپەڕن کە لەســـەرەتای بـــە دیموکراتیکردندان. (من باوەڕم وانییە بتوانرێت تەنانەت ئەو وڵاتانەی دوای کۆمۆنیستیش کە دیموکراسیەتێکی پێشکەوتویان تێدایە بەکۆتایی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لەقەڵەم بدرێت. ئەوان هێشتا لە پرۆســـەی فێربووندان ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو وڵاتانە بە هۆی شەڕەوە وێران نەکراون). لە ڕاســـتیدا دیموکراســـی بەم شێوەیە دابەش ناکرێت، واتە ناتوانین بڵێین یان دیموکراســـی هەیە یاخود نییە. ئەمە پرۆســـەیە. تاوەکو زووتر دەستی پێبکەیت زووتر بەدەستی دەهێنێت. ئەمە هەنگاوێکە بە ئاراستەی ڕاستدا.

*** هەڵبژاردن و سیستمە دیموکراسییەکانی وڵاتە تازەگەشـــەکردووەکان چۆن دەبینیت؟ تـــا چەند هاوڕایـــت لەگەڵ ئـــەوەدا کە تەنهـــا هەڵبژاردن نابێتەهـــۆی هێنانەدی دیموکراسی؟**

- بـــە دڵنیاییەوە بەس نییـــە، ئایا خەڵکی ئیختیاری ڕاستەقینەیان هەیە؟ ئایا پارتە هەڵبژێردراوەکان دەسەڵاتیان هەیە؟ ئایا لە ڕوانگەی ڕای گشـــتییەوە شـــەرعیەتیان هەیـــە؟ ئایـــا دەتوانن بەرەوپێشـــچوون بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگـــە بەدی بهێنن، نـــەك هەر تەنهـــا ئەو خەڵکـــەی دەنگی پێداون. تاوەکو وەڵامی ئەم پرســـیارانە بە تەواوەتی و بـــە ڕوونی وەڵامێکی ئیجابی نەبن ئەوا دیموکراســـیەتێکی تەواو بوونی نابێت. بەڵام ئەگەر گومانت هەبوو لەوەی وەڵامەکە سلبی بێت، ئەوا تۆ ڕێگەی بەرەو دیموکراسی بوونت گرتۆتەبەر. لە ڕاستیدا دیموکراسی تەنها شتێکی باشە بە بەراورد بە بەدیلەکانی دیکە. دیموکراسی ڕوویەکی زۆر ناشـــرینی هەیە، بـــەڵام بەدیلەکانی ناشـــرینترن. من باوەڕم وانییە کە خەڵکی زۆرێك لەو وڵاتانەی کە دیموکراسییەتێکی گەشـــەکردوویان هەیە بـــە تەواوەتی لەم ڕاستییە تێبگەن. کەواتە هەستێکی خراپ داتان نەگرێت کە هێشـــتا ئێوە لە پرۆسەی فێربووندان.

کۆمەڵگەی مەدەنی هەم سیاسییەکان و هەم خەڵک هان دەدات بۆ ئەوەی داوای مافی خۆبەڕێوەبردن بکەن

دیموکراسی تەنها شتێکی باشە بە بەراورد بە بەدیلەکانی دیکە. دیموکراسی ڕوویەکی زۆر ناشرینی هەیە، بەڵام بەدیلەکانی ناشرینترن



## میرۆسلۆڤ ڤۆلف بۆ گوڵان:



# من هاوڵاتی وڵاتی یۆغسلافیای پێشووم، لەم وڵاتەدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرا و تەنانەت من خۆم بەشداریم تێداکردوون، بەڵام دیموکراسی بوونی نەبوو

**پرۆفیسۆر میرۆسڵاڤ ڤۆلف ئوستادی تیۆلۆژیە لە زانکۆی یەڵ و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی کولتوور و باوەڕە لەهەمان زانکۆ، هەروەها هاوڵاتییەکی یوگسلافیای پێشووە، لەناو کێشە نادیموکاتییەکانی یوگسلافیای پێشوو ژیاوە، بۆقسەکردن لەسەر کاریگەری کولتووری دیموکراتی لە وڵاتدا، پرۆفیسۆر ڤۆلف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا تاچەند بوونی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە ئاراستەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکات و سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراتیەکە مسۆگەر دەکات؟**

- باوەڕم وایە ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گونجاو کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی کولتووری دیموکراسی دەبێت، لە کاتێکدا بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ناڕێك کاریگەری سلبی لەسەر کولتووری دیموکراسی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت ئاگاداربین بە وریاییەوە مومارەسە دیموکراسییەکان پیادە بکەین بۆ ئەوەی کاریگەری خوازراویان لێبکەوێتەوە.

> **ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گونجاو کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی کولتووری دیموکراسی دەبێت**

*** ئایا تا چ رادەیەك دەتوانرێت دیاردەی فرەحزبی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بکرێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی کولتووری دیموکراسی؟**

- کولتووری دیموکراسی ئەوە دەخوازێت کە تیکڕای گروپ و لایەنەکان، جا گروپی ئایینی یان عەلمانی یاخود رێکخراوگەلێکی مەدەنی بن، دەبێت ئازادی گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانیان دابین بکرێت، واتە پێویستە لە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆیان لە ئاست ئەو کێشانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە ئازادبن، باوەڕم وایە ئەمە کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی پرۆسەکە و کولتووری دیموکراسی و لەسەر باشترکردنی میسداقیەتی لایەنەکان دەبێت، لەبەر ئەوەی کاتێك بیروبۆچوونەکانیان تەرح دەکەن و رووبەڕووی رەخنە و چاودێری دەبنەوە، ئەوا کار دەکەن بۆ داڕشتنی ئەو تێڕوانینە و سیاسەتانەی پێیانوایە بە باشترین شێوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکەن. لە هەمان کاتدا ئەوەی کاریگەری لەسەر سەرکەوتن و بەهێزبوونی دیموکراسی دەبێت، دەرفەت رەخساندنە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن ئازادانە دەنگ بدەن و بتوانن دەستیان بە زانیاری پێویست بگات تاوەکو بتوانن لەسەر بنەمای زانیاری راست و دروست مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن. هەروەها بتوانن رێکخراو و کۆمەڵەی مەدەنی پێکبهێنن تاوەکو لە رێگەیانەوە بتوانن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن.

*** شارەزاکانی بواری دیموکراسیەتی لیبراڵی سیستمەکە دابەش بەسەر بازاڕی ئازاد دەکەن، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکاندا، ئایا چۆن ئەم لایەنانە دەتوانن ببنە هۆکارێکی ئیجابی بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری دیموکراسی؟**

- ئەوە راستە کە دیموکراسیەتی لیبراڵی لە چەند توخم و لایەنێك پێکهاتووە، کە هەندێ لە لایەنەکانی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، کە هەر یەکێك لەم لایەنانەش دەبنە هۆی بەهێزبوونی لایەنەکانی دیکە. ئەوەش راستە کە تەنها یەك شێوەی دیموکراسی لە ئارادانییە و هەموو دیموکراسییەکانیش دیموکراسیەتی لیبراڵی نین، بەڵام دەبێت کۆمەڵگە جیاوازەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان هەوڵبدەن ئەو شێوە دیموکراسییە پیادە بکەن کە لەگەڵ بارودۆخی وڵاتەکەیاندا دەگونجێت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی گرنگە ئەو لایەنانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن بوونیان هەبێت.

*** بەڵام وێڕای دامەزراندی ئەم دامەزراوانە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، دەبینین لەهەڵکشانی پرۆسەی دیموکراتیدا هێشتا جیاوازی هەیە، ئایا هۆکاری ئەو جیاوازییانە چین؟**

- هۆکارەکان زۆرن و رەنگە نەتوانین دەقا و دەق دەستنیشانیان بکەین، بەڵام ئەوەی من وەك هۆکارێکی گرنگ لێی دەڕوانم لەم رووەوە، سەروەری یاسایە، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی بوونی دامەزراوە دیموکراسییەکانیشدا ئەگەر گەندەڵی لە ئارادابوو، ئەوا کاریگەری لەسەر پاك بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی خوازراویان لێنەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی دەبێت سەروەری یاسا باڵادەست



بێت. ئەمە جگە لە هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و ئابوورییەکانی دیکە کــە دەبێت هەر وڵاتێك بــە جیا وەربگرین بۆ ئەوەی هۆکارە راستەقینەکان دەستنیشان بکەیــن. لەم بوارەدا من تەنها شــارەزاییم لەســەر وڵاتانی ئەوروپــای رۆژهەڵات و روســیا هەیە، لەبەر ئەوە تەنها دەتوانم لە بارەی ئەم وڵاتانەوە بدوێم، کە بە رای من لەم وڵاتانەدا کاتی پێویست تەرخان نەکراوە بۆ ئەوەی دیموکراســی رەگ و ریشە لەو وڵاتانەدا بچەسپێنێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ســەرەرای بوونــی دامەزراوە دیموکراســییەکان گەندەڵی سیاســی لەو وڵاتانەدا هەیە، ئەمە سەرەرای چاوەروانی خەڵکی ئەم وڵاتانە کە تاقە ســەرکردەیەك هەڵبســتێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و باشترکردنی دۆخی وڵاتەکە.

*** ئەی سەبارەت بە عێراق کە ئێستا خۆی بــۆ هەڵبژاردنێکی سەرتاســەری ئامادە دەکات؟**

- لــەم روەوە تەنها دەتوانم بە شــێوەیەکی گشــتی قســەبکەم، لەبــەر ئــەوەی لە نزیکــەوە ئــاگاداری بارودۆخــی عێراق نیم. پێموایــە دەکرێت هەڵبژاردنەکان تەنها رواڵەتێك بــن بۆ ئەوەی ئەو کەســانەی ئێســتا دەسەڵاتیان بەدەســتەوەیە درێژە بە کۆنترۆڵکردنی دەســەڵات بدەن، لە هەمان کاتــدا دەکرێت هەڵبژاردنەکان هۆکارێك بن بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری دیموکراسی و چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکان.

*** تــا چەند هاورایت لەگــەڵ ئەوەدا کە تەنها هەڵبژاردن نابێتــە هۆی هێنانەدی دیموکراسی؟**

**ئەمە تەواو راست و دروستە، لەبەر ئەوەی بــێ بوونــی چەند توخــم و فاکتەرێکی دیکە، هەڵبژاردنەکان بە تەنها نابنە هۆی بەدیهێنانــی دیموکراســی، بۆ نموونە من پێشتر هاوڵاتی وڵاتی یۆغسلافیای پێشوو بووم، لەم وڵاتەدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرا و تەنانەت من خۆم بەشــداریم تێداکردوون، بــەڵام دیموکراســی لەو وڵاتــەدا بوونی نەبوو.**

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەگەر لە ئەزموونــی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتی یۆغسلافیای پێشــووە بروانین، ئەوا دەتوانین ئەوە بڵێین کە گەشــەکردنی دیموکراسی پێویستی بە تەرخانکردنی کات و بە پشودرێژی هەیە.

بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی دەبێت سەرووەری یاسا باڵادەست بێت



## ستیف ماسیک بۆ گوڵان:

# هەڵمەتی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بەشێکە لە پرۆسەی بونیادی کولتووری دیموکراسی



**پرۆفیسۆر ستیف ماسیك ئوستادی کولتووره لەزانکۆی مینۆسۆتاو پسپۆر و تایبەتمەنده لەسەر گوتاری سیاسی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە، هەروەها پسپۆره لەسەر کولتووری دیموکراتی و کاریگەری ئەم کولتووره لەسەر بونیادی دیموکراتی، سەبارەت بە کاریگەری کولتووری دیموکراسی بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی و کاریگەری ئەم کولتووره لە ئاراستەکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، پرۆفیسۆر ماسیك بەمجۆره بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

هەڵمەتی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پاک و عادیلانە بەشێکە لە پرۆسەی هێنانەئارای کولتووری دیموکراسی

*** هەموو کۆمەڵگەیەك کولتووری تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك دیموکراسی قبوڵ بکات، دەبێت کولتووری دیموکراسی لە ئارادابێت، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین بوونی ئەم کولتووره هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە زۆرێك لە وڵاتاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراسیەکە و بۆ دروستکردنی ئەم کولتووره؟**

- ئەگەر پرسیارەکەی ئێوە دەربارەی ئەوەیە چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان رۆڵیان لە دروستکردنی کولتووری دیموکراسیدا دەبێت، دەڵێم هەڵمەتی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە بەشێکە لە پرۆسەی هێنانەئارای کولتووری دیموکراسی، چونکە لە کاتی هەڵمەتی هەلبژاردنەکاندا پاڵێوراوەکان هەڵدەستن بە خستنەڕووی ئیختیاری جیاواز بۆ دەنگدەران و بە روونکردنەوەی ئەو پرس و مەسەلانەی کە جێی بایەخ و گرنگیپێدانی دەنگدەرانن، هەروەها هەڵدەستن بە سازدان و رێکخستنی پشتیوانەکانیان و هەموو ئەمانەش کاریگەریان لەسەر پەروەردەکردنی دیموکراتییانەی دەنگدەران دەبێت. راستە دیموکراسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا جیاوازە لەو دیموکراسیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەس نییە بۆ هێنانەدی کولتووری دیموکراسی، راستە هەڵبژاردن پێکهاتەیەکی گرنگە لەم کولتووره، بەڵام کولتووری دیموکراسی توخمی دیکەش لەخۆدەگرێت وەك بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە تێیدا موناقەشەی تێکڕای مەسەلە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکرێت و هاوڵاتیانی ئاسایی هەست بکەن بەشێك لەو موناقەشەیە، کەواتە لە پاڵ بوونی ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیەی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دروست دەبێت، ئەوا لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا رۆژانە ئەم گفتوگۆیە بەردەوامە و گوێبیستی دید و بۆچونی جیاواز دەبین.

*** ئایا تا چ رادەیەك بوونی کولتووری دیموکراسی مەرجە بۆ ئەوەی دیموکراسییەکی سەرکەوتوومان هەبێت؟**

- پێموایە ئەم دوو لایەنە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بۆ دیاریکردن و یەکلاکردنەوەی پۆستە حکومییەکان و دەستنیشانکردنی ئەو سەرکردە سیاسییانەی جڵەوی حکومڕانێتی دەگرنەئەستۆ پەنات بۆ هەڵبژاردن برد، بەڵام ئەمە هاوشان نەبوو لەگەڵ بوونی دەزگاگەلێکی راگەیاندنی سەربەخۆ کە بوار بە گفتوگۆ و مشتومڕێکی کراوە بدەن، یاخود ئەگەر لایەنە دیموکراسییەکانی دیکە لە ئارادا نەبوون وەك بوونی رێکخراوە مەدەنییەکان کە بتوانن چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێت لە لایەن حکومەتەوە دووچاری سەرکوتکردن دەبنەوە، ئەوا ناتوانین بانگەشەی بوونی دیموکراسی بکەین، ئەگەرچی هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدەین. کەواتە من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە بنیاتنانی دیموکراسی بێ بوونی پێشمەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان کارێکی زەحمەتە، بەڵام من پێموایە بنیاتنانی دیموکراسی هاوشانە بە بنیاتنانی ئەو کولتووره دیموکراسیە.

*** بوونی سیستمی فرەحزبی لە کۆمەڵگەدا نیشانە و هۆکاری بوونی دیموکراسیە، کە ئەمەش بە مانای بوونی دید و بۆچوون و تیڕوانینی جیاواز دێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك دەتوانرێت ئەم فرەحزبیە بکرێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی کولتووری دیموکراسی؟**

- ئەمە گرنگیەکی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت بوار بە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بدرێت کە گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەمەش پێویستی بە کولتوورێکە کە تێکڕای ئەو دید و بۆچوونە جیاوازانە لەخۆبگرێت، یاخود لێبوردەبێت لە ئاستیاندا و بواریان تەعبیر لە خۆکردنیان پێبدات، من لێرەدا باس لە گرنگی دەزگاکانی راگەیاندن دەکەم، وەك رۆژنامە و کەناڵەکانی پەخش، وەك رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و هتد لە بڵاوکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانەدا، هەروەها بە تێڕوانینی من پێویستە هەموو حکومەتێکی دیموکراسی هەڵبستێت بە هاندانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی بیروڕا جیاوازەکان بڵاوبکەنەوە، تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ئەوروپیدا کاتێکی دیاریکراو لە هەندێ لە کەناڵە راگەیاندنە حکومییەکاندا تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن لەو ماوەیەدا پەیام و تیڕوانینی خۆیان بۆ هاوڵاتیان روون بکەنەوە، ماوەکەش بەپێی رێژەی ئەو پارتە سیاسییە دیاری دەکرێت

کە لە پەرلەمانی وڵاتەکەدا هەیەتی، ئەمە لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا جێبەجێ دەکرێت. من خۆزگەم دەخواست ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی بەدەستهێنانی کاتێکی دیاریکراو لە کەناڵەکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەو کەناڵانەدا پێویستی بە داراییەکی گەورە هەیە، ئەمەش وایکردووە ئەو لایەنانەی سەرچاوەیەکی گەورەی داراییان نییە نەتوانن بیروبۆچوونەکانی خۆیان بۆ هاوڵاتیان بخەنەڕوو، لە لایەکی دیکەوە حکومەت دەتوانێت هەنگاوێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش هەڵبگرێت، ئەویش ئەوەیە بڕێکی دیاریکراو لە هاوکاری و یارمەتی ماددی بۆ کەناڵەکان تەرخان بکات لە دارایی گشتی.

*** شارەزاکانی بواری دیموکراسیەتی لیبراڵی سیستمەکە دابەش دەکەن بەسەر بازاڕی ئازاد، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکاندا، ئایا چۆن ئەم لایەنانە دەتوانن ببنە هۆکارێکی ئیجابی بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری دیموکراسی؟**

- لە راستیدا لێرە دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەمەوە کە کاریگەربوونە لە خستنەڕووی بیروبۆچوون و تەرحکردنی رێگاچارە بۆ چاکسازی کردن لە بوارەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و هتد، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەندێ لە وڵاتانی دیکەی جیهانیشدا ئەو رێکخراوە مەدەنییانە چالاکن کە بایەخ بە پاراستن و پاکراگرتنی ژینگە دەدەن، کە ئەمە کارێکە پارتە سیاسییەکان گرنگیەکی زۆری پێنادەن، واتە ئەم رێکخراوانە هەڵدەستن بە وروژاندنی پرسی پیسبوون و تێکچوونی ژینگە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کەشوهەوا و لەسەر تەندروستی ئینسانەکان و تەنانەت هەندێ جار نارەزاییش دەردەبڕن.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە ئاستی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراتیەوە ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە نێو وڵاتاندا بەدی دەکەین، بۆ نموونە، وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست گەشەکردوترن لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، لە کاتێکدا وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات پێشکەوتووترن لەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، هۆکاری ئەم جیاوازییانە چین؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، لە راستیدا من ناتوانم تێکڕای هۆکارەکانی ئەم جیاوازییانە دەستنیشان بکەم، بەڵام لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی و رۆڵی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ئابووری بکەمەوە، بۆ نموونە وڵاتی هەنگاریا لە رووی ئابوورییەوە لە ئاستێکی بەرچاوی بەرەوپێشچوون و گەشەکردندا بوو، تەنانەت لە رابردوشدا ئاستی گەشەکردنی ئابووری ئەم وڵاتە لە ئاستی گەشەکردنی ئابووری هەندێ وڵاتی باشووری ئەورووپا بەرزرتر بوو، بۆ نموونە لە وڵاتی یۆنان، ئەمەش باشتر زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی پرۆسەی گۆڕان بەرەو دیموکراسی بە سەرکەتوویی بەڕێوەبچێت، هەرچەندە من لێرەدا نامەوێت ئەوە بڵێم کە لایەنی ئابووری هۆکاری یەکلاکەرەوە و دەستنیشانکارە، چونکە ئێمە هەندێ وڵات دەبینین کە پەنا بۆ سەرکوتکردن دەبەن، ئەگەرچی لە رووی ئابووریشەوە پێشکەوتوون.

*** ئێمە دەزانین نزیکەی لە تێکڕای وڵاتانی جیهاندا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەنجام و بەرهەمی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان جیاوازە لە ئەندامی هەڵبژاردن لە وڵاتە رۆژئاواییەکان، یاخود لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئایا ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناتوانین بە پرۆسەی بە هەڵبژاردنەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بڵێین دیموکراسی، واتە ئەگەر ئێوە وەك مۆدیلێك لە ئەمەریکا دەڕوانن لەم رووەوە ئەوا بە هەڵەدا دەچن، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا تەنها دوو پارتی سیاسی سەرەکی هەن، تەنها دوو پارتی سیاسی، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین کێشەن وەك بوونی گەندەڵی سیاسی، بۆ نموونە من لە ویلایەتی شیکاگۆدا دەژیم، کە کێشەی ئەم ویلایەتە گەندەڵی سیاسییە، هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە رووبەڕووی بەرپسیارێتی ناکرێنەوە، بە چەشنی ئەو وڵاتانەی کە سیستمی فرەحزبایەتی پەیڕەودەکەن و زیاتر لە دوو پارتی سیاسی سەرەکەیان هەیە، چونکە ئەوەی لە ئەمەریکادا بەدی دەکەین دوو پارتی سەرەکییە کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نوخبەیەك دەوڵەمەندەوە. راستە هەندێ لایەنی کولتووری ئەمەریکا باڵاترە لە تێکڕای کولتوورەکانی وڵاتانی دیکە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە زەمانەتەکانی پاراستنی ماف و ئازادی رادەبڕین، ئازادی رۆژنامەگەری و هتد، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە سیستمی هەڵبژاردنەوە هەبێت، ئەوا ئەم سیستمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لاوازە و سەرکی کێشاوە بۆ خەمساری سیاسی لەم وڵاتەدا، بۆ نموونە هەندێ جار رێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەندە نزمە کە مایەی ئیحراجی و شەرمە. من خوازیارم ئێوە بە دوای مۆدێلێك و نموونەیەکی باشتردا بگەڕێن کە زیاتر شەفاف بێت و زیاتر دیموکراسی بێت، بۆ ئەوەی لە عێراقدا پیادەی بکەن، نەك ئەوەی لە ئەمەریکادا هەیە و پەیڕەوی لێدەکرێت.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیانوایە هەڵبژاردنەکانی عێراق گرنگن بۆ دیاریکردنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، هەروەها پێشبینی ناکەن ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجامێکی دیموکراسیان لێبکەوێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە هەڵبژاردنێك دەڕوانیت کە نەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە، ئەوا ئەو هەڵبژاردنانە کێشە و کەموکوڕی گەورەیان تێدابوو، ئەمە بە شایەتی زۆرێك لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام من نازانم ئەگەر هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە چ کاریگەرییەکیان لەسەر درێژەپێدانی داگیرکاری و مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێت، ئەگەر هاتوو بە پاکی و بێ ساختەکاری و کێشە بەڕێوەنەچوون، دواتر من پێموایە پێویستە خەڵك بەرهەڵستی بکەن و نارەزایی دژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك دەربڕن کە تێیدا پەنا بۆ ساختەکاری و پێشێلکاری ببردرێت. لە لایەکی دیکەوە رەنگە ئێوە نیگەران بن لەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق ببنە هۆی هێنانەئارای زۆرینەیەك کە هەڵبستێت بە سەرکوتکردنی کەمینەکانی وڵاتەکە، ئەمە نیگەرانییەکی زۆر جددییە و لە راستیدا لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەوە ئەوە روون بۆتەوە کە لە پرۆسەی گۆڕان بەرەو دیموکراسیدا هەندێ ئەو پارتە سیاسییانە دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست کە پەنایان بۆ سەرکوتکردن بردووە و دەستکەوتە دیموکراسییەکانیان لەناوبردووە و دامەزراوە دیموکراسیەکانیشیان هەڵوەشاندۆتەوە، ئایا پێویستە لەم حاڵەتەدا چی بکرێت؟ من پێموایە دەبێت رێگری لەو پارتە سیاسییانە بکرێت کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بە گەیشتنیان بە دەسەڵات کۆتایی بە دیموکراسی ئەهێنن، دەبێت بەرهەڵستی ئەم پارتانە بکرێت و ئەم پارتانە دووربخرێنەوە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا نازییەکان بە کودەتای سەربازی و بە توندوتیژی دەسەڵاتیان نەگرتەدەست، بەڵکو لە رێی هەڵبژاردنەوە، بەڵام دواتر بینیمان چۆن رەفتاریان کرد، کەواتە دەبێت لەم رووەوە رێوشوێنێکی دەستووری بگرینەبەر بۆ ئەوەی رێگە لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە بگرین لە رێی هەڵبژاردنەکانەوە، چونکە هیچ زەمانەتێك نییە کە کاتێك خەڵکی دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان دەنگ بە لایەنێك نەدەن کە مەیلی دیکتاتۆری یاخود شمولیەتی تێدابێت، تاقە زەمانەت ئەوەیە لە رێی دەستوورەوە رێگە لەوە بگرین ئەم پارتانە دەسەڵات بگرنەدەست.



**تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەس نییە بۆ هێنانەدی کلتووری دیموکراسی، راستە هەڵبژاردن پێکهاتەیەکی گرنگە لەم کلتوورە، بەڵام کلتووری دیموکراسی توخمی دیکەش لەخۆدەگرێت**

**پێویستە هەموو حکومەتێکی دیموکراسی هەڵبستێت بە هاندانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی بیروڕا جیاوازەکان بڵاوبکەنەوە**



# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن وەک کەرەستەیەک بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی



کەرەستەکانی بونیادی کولتووری دیموکراتی تەنها هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نییە و تەنها پڕوپاگەندەکردنی لایەنە سیاسییەکانی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن نابنە کەرەستە بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتیدا زۆر دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی هەن زیاتر لە ٥ یەکەیە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەوپەڕی حەماسەوە پیادە دەکەن، بەڵام لەناو کۆمەڵگاکانیدا کولتووری دیموکراتی بوونی نییە، یان ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە، بەڵام لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی هاوچەرخ و لە چوارچێوەی ئەو پرانسیپانەی سیستمی دیموکراتی لیبراڵی بۆ گەمەی هەڵبژاردن دیاریکردووە، هەست دەکەین کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن باشترین دەرفەتن بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی و دادگاییکردنی ئەو لایەنانە سیاسییانەی دێنە ناو پرۆسەکە و پابەندنین بە کولتووری دیموکراتی، یان ئەو پڕوپاگەندانەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەیکەن، بە زیان بۆ کولتووری دیموکراتی دەشکێتەوە.

لایەنێکی گرنگتر کە لە پرۆسەی بونیادی کولتووری دیموکراتی و لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەون، ئەوەیە کە هەموو ئەو سەرچاوانەی دەبنە سەرچاوەی پێدانی زانیاری بۆ کۆمەڵگە و چۆنییەتی بوونی ئەو زانیارییانە وەك کەرەستەیەك بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی، ئەوەیە کە هەموو ئەو لایەنانەی دەبنە سەرچاوە بۆ دابینکردنی بونیادی ئەو کولتوورە هەموویان پێکەوە کارلێك دەکەن و ئاقاری پرۆسە دیموکراتیەکە دیاری دەکەن، بۆیە ئێمەش وەك گۆڤای گوڵان ئەم باسەمان وروژاند بۆ ئەوەی لەسەر ئەو کاراکتەرانە قسە بکەین کە دەبنە هەڵسوڕێنەری ئەو پرۆسەیە، دەمانەوێت بە خوێنەری خۆمان بڵێین چۆنیەتی کارلێکی نێوان توخمە جیاوازەکان وەك هەڵسوڕێنەری پرۆسەکە شێوازی بونیادی کولتوورەکە دیاری دەکات، نەك گەرمگوڕی یان حەماسی لایەنگرانی قەوارە سیاسییەکان، بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی و عەرەبی و ئیسلامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هۆکارێکن بۆ بەرهەمهێنانی کولتووری ئەنتی دیموکراتی نەك بونیادی کولتووری دیموکراتی، هەر بەرهەمهێنانی ئەو کولتوورە ئەنتی دیموکراتییەشە کە ئاراستەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرەو گرژی و ئاڵۆزی و توندوتیژی دەبات و لە پرۆسەی دەنگدانیشدا پەنا بۆ ساختەکاری و تەزویر کردن دەبات.

لەو وڵاتانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کولتووری ئەنتی دیموکراتی بەرهەم دەهێنن، لایەن و قەوارە سیاسییە بەشداربووەکان ئایدۆلۆژیەتی خۆیان بە هەق و بەرامبەر بە ناهەق لەقەڵەمدەدن، بۆیە پرۆسەی هەڵمەتەکانی نابێتە دەرکەوتنی جیاوازییەکان و بینینی تایبەتمەندی لایەنە جیاوازەکان، بەڵکو دەبێتە شەڕی نێوان هەق و باتڵ، شەڕی نێوان هەق و ناهەق، لەم حاڵەتشدا هیچ هێزێك نییە هەق و ناهەق پێکەوە لەناو بازنەیەکدا کۆبکاتەوە، بۆ شەرعیەت دەرێتە هەق بۆ ئەوەی بەهەر هۆکارێك بێت ناهەق لە بازنەکە بکاتە دەرەوە، لایەنێکی دیکە کە بەرهەمی ئەنتی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە رەنگدانەوەی بۆ دروست دەکات، تووڕەیی و بێ ئارامی قەوارە سیاسییەکانە کە بەردەوام بەو ئاراستەیە لایەنگیران و هەوادارانی خۆیان گۆش دەکەن، کە جەماوەر بە هەقی خۆیان و ناهەقی بەرامبەر ئیقتناع بکەن، بۆ ئەم ئیقناع کردنەش لەبری ئەوەی بەرنامەی خۆی پێشکەش بکات، کەموکوڕی لایەنی بەرامبەر بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی جەماوەر یان دەنگدەر بخاتە بەردەم دوو رێگە چارەی هەق و ناهەق و ناچاری بکات دەنگ بەهەق بدات و ناهەق رەتبکاتەوە، راهێنانی دەنگدەر لەسەر دەنگدان بەهەق و دوورکەوتنەوە لە ناهەق، دەبێتە هۆکارێك بۆ بونیادی کولتووری دیکتاتۆری و رەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرامبەر، ئەمانەش دەبنە هۆکارێك بۆ لاوازبوونی کولتووری لێبوردەیی و زاڵبوونی کولتووری توندوتیژی، ئەمە بەڵگە نەویستە بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا پرۆسەی بونیادی کولتووری دیموکراتی لە قۆناخی ئینتقالیدایە، هێشتا کەرەستەکانی بونیادی ئەو کولتوورە لەو کۆمەڵگایە بوونی نییە یان ئەگەر هەشبێت دەگمەنە، ئەمە بە تەنها ئیشکالیەتی وڵاتی ئێمە نییە، بەڵکو زۆربەی دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵات و دەوڵەتانی ئەورووپای ناوەڕاست بەدەستیەوە دەناڵێن و هێشتاش لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا ئەگەر بە چەماوەیەکی هێلکاری ئاستی بونیادی کولتووری دیموکراتی لەو دەوڵەتانە پۆلێن بکەین، دەبین چەند لە ئاسیای ناوەڕاستەوە چەند لە ئەورووپای رۆژهەڵات نزیکبینەوە چەماوەی هێلکارییەکە زیاتر هەڵدەکشێت و چەند لە ئەورووپای رۆژهەڵاتەوە بەرەو






پرۆسەی هەڵمەتەکانی نابێتە دەرکەوتنی جیاوازییەکان و بینینی تایبەتمەندی لایەنە جیاوازەکان، بەڵکو دەبێتە شەڕی نێوان هەق و باتڵ

چۆنیەتی کارلێکی نێوان توخمە جیاوازەکان وەک هەڵسوڕێنەری پرۆسەکە شێوازی بونیادی کولتوورەکە دیاری دەکات، نەک گەرمگوڕی یان حەماسی لایەنگرانی قەوارە سیاسییەکان





ئەوروپای ناوەڕاست بچین، چەماوەکە زیاتر بەرزدەبێتەوە، ئەم چەماوە هێلکارییە ئەوەمان بۆ بەدیاردەخات تەنانەت لە نێوان ڕژێمە کۆمۆنیستەکان و پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو ناوچەیە جیاوازییەکی گەورە هەیە، هەموو ئەو سێ ناوچەیەی ئاماژەمان پێکردن دەوڵەتەکانیان هەتا ساڵانی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە ژێر حکومڕانی سیستمی کۆمۆنیستیدا بوون، بەڵام لەماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵدا جیاوازییەکی گەورە لە پرۆسەی بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی لەو وڵاتانە هەستی پێدەکرێت، ئەو پسپۆڕانەی کە لەسەر پرسی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان کاردەکەن و ئەو پسپۆڕانەی لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراتی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەکەن، هەموو ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکەنەوە کە قۆناخی ئینتقالی پرۆسەی دیموکراتی دەبەستنەوە بە دامەزراوەکانی میدیای ئازادی مۆدێلی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بازاڕی ئازاد، حکومکردن بە یاسا، ئەم بۆچوونە تازانە کە بەرهەمی بەراودکاری ٢٠ ساڵی دوایی پرۆسەکانی دیموکراتییە لە جیهاندا، بەوجۆرە شرۆڤەی پرۆسە دیموکراتییەکان دەکەن، ئەو دامەزراوانەی کە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی ئەوروپای پێدەناسرێتەوە ئەگەر کولتوورێك نەبێت مامەڵەی گەڵدا بکات، ناتوانێت ئەو بەرهەمە بەدەست بهێنێت کە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بەدەست هاتوون، بە دەیان و سەدان دامەزراوەی هاوشێوەی دیموکراتییەکانی ڕۆژئاوا بونیاد بنرێن، هێشتا ئەو کۆمەڵگایانە قۆناخی ئینتقالیان تێنەپەڕاندووە، لێرەوە پێویست دەکات لەسەر ئەو سەرچاوانە هەڵوەستە بکەین کە دەبنە کەرەستە بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا:

١- پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی سەرەکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکن و سەرچاوەی ئەو زانیارییانەن کە تاك بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی پێویستی پێی دەبێت، بۆیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان نەبوونە سەرچاوەی ڕاست و دروست بۆ پێدانی زانیاری ڕاست بۆ بونیادی ئەو کولتوورە، ئەوا گرنگترین کەرەستە کە دەبێتە توخمی سەرەکی لە بونیادی کولتووری دیموکراتیدا، بە زانیاری ئەنتی دیموکراتی کولتوورێکی ئەنتی دیموکراتی بەرهەم دەهێنێت، پسپۆڕان ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان بەم شێوەیە کە زانیاری ناڕاست و ئەنتی دیموکراتی دەخەنە ناو کۆمەڵگە، ناویان لێناوە دەوڵەتی لیڤاسانی پارتە سیاسییەکان، لیڤاسان کە ئاماژەیە بۆ دەوڵەتەکەی تۆماس هۆبز بۆ ڕزگارکردنی شانشینی بەریتانیا لە شەڕی ناوخۆ و ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام دەوڵەتی لیڤاسانی پارتە سیاسییەکان واتە پارتە سیاسییەکان دەبنە ئەژدیها بۆ لەناوبردنی دیموکراتی، لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین ئەم هاوکێشەیە چۆن پێچەوانە دەبێتەوە، هەموو ئەوانەی کار لەسەر پرسی دیموکراتی و بونیادی دیموکراتی دەکەن، دەزانن کە پێداویستی و گرنگی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی ئەلف و بێی دیموکراتییە، بەڵام ئەگەر پارتە سیاسییەکانیش بەپێی ڕێسای گەمەی لیبراڵ دیموکراتی ڕەفتار نەکەن و نەبنە سەرچاوەی زانیاری ڕاست بۆ هاوڵاتیان و کۆمەڵگە بۆ ئەوەی کولتووری دیموکراتی بونیاد بنرێت، ئەوا هەر خودی پارتە سیاسییەکان لە توخمێکی سەرەکی و پێویست بۆ بونیادی دیموکراتی، دەبنە لیڤاسان و ئەژدیها بۆ لەناوبردنی دیموکراتی، لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتی ئەگەر پارتە سیاسییەکان سەرچاوەیەك نەبن بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی، ڕێگەیان پێنادرێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشداری بکەن، ئەڵمانیا لەبەر ئەوەی قوربانی دەستی سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردنی حزبی نازی بووە، ئەو دەسەڵاتەی بە حکومەتی وڵاتەکەی داوە کە حزبی سیاسیی لە چالاکی ڕابگرێت و ڕووبەڕووی دادگای باڵای ئەڵمانیای بکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کولتووری ئەنتی دیموکراتی لە وڵاتدا سەر هەڵنەداتەوە.

**پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی سەرەکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکن**

٢- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بەگشتی و لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بە تایبەتی ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بۆ بەشداری فراوانی هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگێڕن، سەرچاوەی زانیاری دروست و پێشاندانی جیاوازییەکان و ڕەتکردنەوەی کولتووری هەق و ناهەقن لە کۆمەڵگەدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی شانازی بەسیستمی لیبراڵ دیموکراتەوە دەکەن، وەك باشترین سیستەم کە مرۆڤایەتی تا ئێستا پێی گەیشتووە، بەڵام ئەم سیستەمەش بەو ئاستە باش نییە کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی شایستەیەتی، فرانسیس فۆکۆیاما کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە کۆتایی پێشکەوتنی مرۆڤ بۆ حوکمڕانی ناو دەبات، لە کتێبی ئایندەی پۆست هیومان : ئاکامەکانی شۆڕشی بایۆ تەکنۆلۆژی، دەگاتە ئەو ئاستەی کە شۆڕشی بایۆ تەکنۆلۆژی کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کەرامەت و ئازادی مرۆڤ دەبێت و دەبێت لە ئێستا مرۆڤایەتی پێش بەو ئاکامە خراپانە بگرێت کە شۆڕشی بایۆ تەکنۆلۆژی لە کۆپیکردنەوەی مرۆڤدا دروستی دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا بێ ئومێد نییە لە ئەقڵی مرۆڤ و پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت ئاقڵانە بەسەر ئەو کێشەیەشدا زاڵ بێت، فۆکۆیاما ئەم کێشەیە بەو مانایە ناخاتە ڕوو کە پێویستە بەدیلێك بۆ لیبراڵ دیموکراتی دروست بێت، نەخێر چارەسەری ئەم کێشەیەش هەر بەسیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەسپێرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم سیستمە لە کۆتاییدا (کە ئەو ناوی لێناوە کۆتایی مێژوو) هەر پارێزگاریکردنی ئازادی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ، ئاماژەکردنمان بەم هەڵوێستەی فۆکۆیاما کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە کۆتایی مێژوو دەزانێت و ئاستەنگەکانی ئاییندەش هەر دەسپێرێتەوە بە لیبراڵ دیموکراتی و ئەو هەوڵەمان پیشانددا چۆن توێژەری سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە جیهانییەکان مرۆڤایەتی لە مەترسییەکانی ئایندە ئاگادار دەکەنەوە و چۆن بەرپرسیارەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیشیان ڕووبەڕوو دەکاتەوە، بۆیە ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەرهەمهێنانی زانیاری ڕاستە بۆ بونیادی کولتووری دیموکراتی بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی سەر دیموکراتی و لە چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە بە کولتووری دیموکراتیانە ڕووبەڕوو بکاتەوە، بەداخەوە ڕێکخراوەکانی

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بۆ بەشداری فراوانی هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەگێڕن**



کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و لە عێراقیش بەگشتی هەتا ئێستا وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان لە بونیادی کولتووری دیموکراتی لەعێراق و کوردستان نەگێڕاوە، بۆیە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە قەوارە سیاسییەکان وەك تاکە بەشدار لە ناو پرۆسە سیاسییەکە دەردەکەون، دەبینن هاندان بۆ بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا تەنها هاندانە بۆ قەوارە سیاسییەکان نەك بەشداربوون لە پێناوی بونیادی کولتووری دیموکراتی لە وڵاتدا.

٣- میدیای ئازاد سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگە بۆ پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیان بۆ ئەوەی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە بونیاد بنرێت، بە داخەوە لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی لەدەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، میدیای ئازاد ئەرکە مێژووییەکەی خۆی راڤە نەکردووە، تەنانەت نەیانتوانیوە جێگەی رادیۆی ئەورووپای ئازاد بگرنەوە کە ئەمریکا دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو رادیۆی ئەورووپای ئازادی راگرت و پێیوابوو دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و دیواری بەرلین دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیستی پێشوو چیدیکە پێویستیان بەوە نابێت گوێ لە رادیۆی ئەورووپای ئازاد بگرن، بەڵام دوای چەند ساڵێك دەرکەوت کە ڕۆژنامەنووسانی ئەو دەوڵەتانەش لەبەر ئەوەی خاوەنی کولتووری دیموکراتی نین و ناتوانن بە کولتووری دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دامەزراوە هەستیار و ئازادە بکەن، بۆیە پرۆسەی میدیای ئازاد لە زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە روسیاشەوە لەبری ئەوەی ببنە سەرچاوەی زانیاری دروست بۆ هاوڵاتیان، بوونە سەرچاوەی بازرگانیکردن بە زانیاری و گازی پێکەنین هێنی زانیارییەکان، ئەمە وەك لە یەکێك لە راپۆرتەکانی UNDP ئاماژەی پێکراوە بەو جۆرە وەسفی میدیای ئازاد لەو دەوڵەتانە کراوە(میدیای ئازاد لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیزم وەك گەشتەکەی کریستۆفەر کۆلۆمبوس وایە، کۆلۆمبوس بەرنامەی گەشتەکەی بۆ هیندستان دارشت، کەچی لە ئەمریکا سەری دەرهێنایەوە) ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بەرنامەیەی ڕۆژئاوا بۆ میدیای ئازاد دایان نابوو کە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست بەرەو دیموکراتی بەرێت، کەچی ئاکامێکی دیکەی بەدەست هێنا، ئەویش پێکەنینی هاوڵاتیانە بەو زانیارییانەی میدیای ئازاد بڵاویدەکاتەوە، هەروەها بێئومێدی و بێ متمانەیی هاوڵاتیانە بە میدیای ئازاد لەو وڵاتانەدا، هەر بۆیە کاتێك لەم روانگەیەوە رەخنە لە خۆمان و لە میدیا کارانی خۆمان دەگرین بەوەی نەمانتوانیوە بە کولتوورێکی دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ میدیا و میدیای ئازاد بکەین، لەوانەیە پێش هەمووان خودی رۆژنامەنووسان لە بایەخی کولتووری دیموکراتی تێنەگەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی و تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی، جێگەی خۆیەتی ئێمە خۆمان وەك رۆژنامەنووسان رەخنە لەخۆمان بگرین و ئەو راستییە بە هاوڵاتیان بڵێین کە ئێمەش قۆناخی ئینتیقالی بەساڵ حساب دەکەین نەك بەئاستی پێگەیشتن و بونیادی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا، بۆیە جێگەی داخە میدیاش لە کوردستان سەچاوەیەکی راست و تەندروستی نەبووە بۆ پێدانی راست و بونیادی کولتووری دیموکراتی تەنانەت لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا لەبری ئەوەی چاوی بێلایەنی کۆمەڵگەبێت بۆ بەشداری زیاتری هاوڵاتیان لە پرۆسەی دەنگداندا، خۆی بەشێك بووە لەپرۆسەکەو هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا.

٤- بزنسمان و وەبەرهێن و کۆمپانیاکان وەك کاراکتەری سەرەکی بۆ بونیادی بازاڕی ئازاد و ئازادکردنی ئابووری لەژێر چنگ و قۆرخکردنی دەوڵەت و گێڕانەوەی ئابووری بۆ ململانێی ئازادی بازاڕ، دیسان لە وڵاتانی پۆست کۆمۆنیست و زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی گواستنەوەی ئابووری لە قۆرخکردنی دەوڵەتەوە بۆ بازاڕی ئازاد سەرکەتوو نەبوون، راستە ئابووری لە قۆرخکردنی دەوڵەت رزگاری بووە، بەڵام ئەو رزگاریە نەگەیشتۆتە بازاڕی ئازاد و کەتۆتە قۆرخکردنێکی دیکەوە کە ئەویش قۆرخکردنی حزب و کەسەکانە لە ناو کۆمەڵگەدا، لە وڵاتێکدا بازاڕ تەحکوم بە ئابووریەوە نەکات و ململانێی بازاڕ کۆنترۆڵی بەهای شمەك و ئاستی ژیان نەکات، چۆن گیانی ململانێ و کۆپی رایتی فیکر و سەروەریی یاسا دروست دەبێت، بۆیە ئەو زانیارییانەی پێوستن بازاڕی ئازاد بیدات بە هاوڵاتی بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا ببێتە پێویستییەك لە کۆمەڵگە، کە بازاڕی ئازاد بوو بە بازاڕی ساختەکاری ئەوە ئەو زانیاریانەشی لەو بازاڕەوە دەچنە کۆمەڵگە و دەبنە کەرەستە و هۆکار بۆ حکومکردن بەیاسا و بەدەوامی قۆرخکردن لەلایەن چەند کەسێکەوە.

ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن خاڵە سەرەکی و گەوهەرییەکانی چۆنییەتی بونیادی کولتووری دیموکراتی بوون لە وڵاتدا، بۆیە کاتێك رێڕەوی بونیادی ئەم کولتووره لە کولتووری دیموکراتییەوە دەگۆڕێت بۆ کولتووری ئەنتی دیموکراتی، ئەوا جیاوازییە جوانەکانی ناو کۆمەڵگە و سیمای فرە لایەنی و ئازادی رادەبرین، دەگۆڕێن بۆ جیاوازی نێوان هەق و ناهەق و لێبوردیی و یەکتری قبوڵکردن دەگۆڕێن بۆ توندوتیژی و یەکتری سڕینەوە.

## کولتووری دیموکراتی هەڵمەتی هەڵبژاردن جوانتر دەکات

بایەخدان بە کولتووری دیموکراتی لە پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی ئەو پارت و قەوارە سیاسییانەیە کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن و دەبێت لەوە ئاگاداربن هەولدان بۆ گۆڕینی ئەم کولتووره بۆ کولتووری ئەنتی دیموکراتی خزمەتی ئایندەی هەرێمی کوردستان ناکات و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، هەروەها بوونی کولتووری دیموکراتی فێری ئەوەمان دەکات کە بوونی بەرامبەر مانای نەمانی ئەوی تر نییە، هەروەها فێرمان دەکات لە پرۆسەی دیموکراتی جیاوازی هەیە نەك هەق و ناهەق، بۆیە ئەو قەوارە سیاسییانەی کولتووری هەق و ناهەق بڵاو دەکەنەوە پەیوەندیان بەهەر شتێکەوە هەبێت، پەیوەندیان بە دیموکراتییەوە نییە، لەم پرۆسەیەدا گرنگە بۆ ئەوەی کولتووری دیموکراتی نەگۆڕێت بۆ کولتووری ئەنتی دیموکراتی و جیاوازییەکان نەگۆڕێن بۆ هەق و ناهەق، دەبێت بە فراوانی بەشداری لەپرۆسەی دەنگدان بکەین و دەنگی خۆمان بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی جیاوازییەکان بەسیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی دەزانن.

**بایەخدان بە کولتووری دیموکراتی لە پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەرکی سەرشانی ئەو پارت و قەوارە سیاسیانەیە کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن**

**میدیای ئازاد سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگە بۆ پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیان بۆ ئەوەی کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە بونیاد بنرێت**

## گریگۆری هابەر بۆ گوڵان:

# ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوە نییە هەموو لایەک بگەنە دید و بۆچونێکی هاوبەش بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە

**پرۆفیسۆر گریگۆری هابەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی یەڵ و تۆژەرە لەسەنتەری دیراساتی سیسۆلۆژی لە زانکۆی ناوبراو، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر دەنگدان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و رەفتاری دەنگدەر لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆ قسەکردن سەبارەت بە کاریگەری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و بانگێشەکانی هەڵبژاردن پرۆفیسۆر هابەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

ئەرکی پارتە سیاسییەکان خستنەڕووی ئەو بەرنامەو پلانانەیە کە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی حکومەتدا، واتە لە کاتی حکومڕانێکردندا جێبەجێیان دەکەن

*** لە ولاتانی تازە پێگەیشتوو هەڵمەتی هەڵبژاردن تەنها یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە چۆن خەڵك هانبدرێت دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسی بدات، ئایا لۆژیك و ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان چین؟**

- مەبەستەکە ئەوەیە بوار بە دەنگدەران بدرێت بۆ ئەوەی بزانن ئەگەر پاڵێوراوێکی دیاریکراو هەڵبژێردرا چۆن کاردەکات و بە چ شێوەیەك رەفتار دەکات. واتە ئەگەر لەپێش وادەی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نەبن، ئەوا دەنگدەر نازانێت دەنگ بە چ پاڵێوراوێك بدات. هەروەها ئەرکی پارتە سیاسییەکان خستنەڕووی ئەو بەرنامەو پلانانەیە کە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی حکومەتدا، واتە لە کاتی حکومڕانێکردندا جێبەجێیان دەکەن، کە ئەم بەرنامانەش هەم ئەو سیاسەتانە لە خۆدەگرن کە پەیوەستن بە تێکڕای نیشتیمان و نەتەوەکەوە، هەم کێشە و پرس و خواستە مەحەلییەکانیش ڕەچاو دەکەن.

*** لەو ولاتانەی کە لە گروپی ئیتنی و نەتەوەیی جیاواز پێکهاتوون، ئەوە بەدی دەکەین کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەران لەسەر بنەمایەکی ئیتنی و نەتەوەیی دەنگ دەدەن، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن ئەم جیاوازییانە لە ناسنامەیەکی نیشتمانی گشتگیردا کۆبکەنەوە؟**

- یەکێك لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە پارتە سیاسییەکان بە چەشنێك سیاسەت و بەرنامەکانی



خۆیان دابڕێژن کە سنوری ناسنامە ئیتنییەکان ببڕێت و لەسەر بنەمایەکی دیکە هەڵبستێت بە ڕێکخستن و سازدانی خەڵك، بۆ نموونە لەسەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتی، ڕێگاچارەیەکی دیکە پیادەکردن و گرتنەبەری فیدراڵیزمە، ئەمە چارەسەرە بۆ زۆرێك لەو کێشانەی کە دەبنەهۆی قوڵترکردنەوەی دابەشبوونەکانی کۆمەڵگەکە، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵیزمدا حکومەتێکی مەحەلی بەهێزت دەبێت، ئەو کاتە ئەم حکومەتە دەتوانێت هەڵبستێت بە ڕووبەڕووبونەوەو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێویستە لەسەر ئاستی مەحەلی چارەسەربکرێن، ئەمە لە کاتێکدا کێشە نیشتیمانییەکان بە جێدەهێڵدرێن بۆ حکومەتە مەرکەزییەکە، فیدراڵیزم ئەم ئیجابیەتە و ئەم ئەنجامە باشەی لێدەکەوێتەوە.

یەکێك لە نیگەرانییەکانی خەڵک ئەوەیە کاتێک زۆرینە مومارەسەی دەسەڵات دەکات، ئەم مومارەسەیە سەربکێشێت بۆ سەرکوتکردنی کەمینە

*** یەکێکی دیکە لە مەترسییەکان ئەوەیە ئەگەر خەڵك لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنی دەنگ بدەن، ئەوا مەترسی زاڵبوونی زۆرینە سەرهەڵدەدات؟**

- یەکێك لە نیگەرانییەکانی خەڵك ئەوەیە کاتێك زۆرینە مومارەسەی دەسەڵات دەکات، ئەم مومارەسەیە سەربکێشێت بۆ سەرکوتکردنی کەمینە، لەبەر ئەوە هەڵدەدەن دەستی زۆرینە واڵانەبێت و نەتوانێت زۆر شت بێ ڕەزامەندی کەمینە ئەنجام بدات، بۆ نموونە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەندێ لە ویلایەتە بچوکەکانی کە دانیشتوانێکی کەمیان هەیە دەتوانن ڕێگری لە هەندێ مومارەسە بکەن و ئەمەش دەبێتە مایەی پاراستنی مافەکانی ئەوان، ئەگەرچی ویلایەتێکی بچوکیش بن. بەڵام من نازانم لە عێراقدا چ ڕێ و شوێنێك بۆ ئەم مەبەستە گیراوەتەبەر.

*** باشترین پاڵنەر بۆ ئەوەی دەنگدەران بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن ئەوەیە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە بەرنامەی لایەنەکاندا ببیننەوە ئایا چۆن دەکرێت وا لە دەنگدەران بکەین کە بەرژەوەندی خۆیان لە بەرنامە لایەنەکاندا ببیننەوە؟**

- بەڵگەی ئەوە لە ئارادایە کە هەمیشە خەڵك لە ڕوانگەی خواست و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانەوە دەنگ نادەن، بەڵکو هەندێ جار دەنگ بۆ خەڵکانی هاوشێوە و هاوپیشە و هاوگروپی خۆیان دەدەن، واتە دەکرێت لەم ڕووەوە

هۆكارگەلـــی جیاواز دەستنیشـــان بكەیت كە بونەتە پاڵنەر بۆ ئەوەی خەڵكی بەرەو دەنگدان بچن. هەرچۆنێك بێت، كێشـــەكە ئەوەیە چۆن دەســـت بە پیادەكردنی پرۆســـەی دیموكراسی بكرێـــت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی كە پێشـــتر ئەزموونی دیموكراســـیان نەبووە، ئەم دژوارییە دووچاری هەموو وڵاتێك بۆتـــەوە، بۆ نموونە لە هیچ وڵاتێكی دیموكراســـی ئەم ڕۆژگارەدا سەرەتا تێكڕای دانیشـــتوان مافی دەنگدانیان نەبووە، بەڵام دواتر هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەكە بەرەوپێشچووەو گەشەی كردووە.ئێمە دەبێت ئەو ڕاســـتییە بزانین كە خەڵكانـــی عێراق خاوەنی ئاســـتێكی بـــەرزی پەروەردەیین، بـــۆ نموونە نزیكەی هەموو كەســـێك لـــە عێراقدا توانای خوێندنـــەوەی هەیە، ئەمە دۆخێكی باشـــترە بە بەراورد بە هەنـــدێ وڵاتی ئەفریقیا یاخود وڵاتی ئەفغانستان، هەروەها ڕەنگە لە سەرەتادا خەڵكی عێراق لەسەر بنەمایەی ئیتنی دەنگ بدەن، بەڵام دواتر ئەو ڕاستییە ئاشكرا دەبێت كە ناچارن لەگەڵ پێكهاتەكانیدا دیكەدا هاوكاری بكەن بۆ ئـــەوەی بتوانن حكومڕانێتی وڵاتەكە بكەن، لەبەر ئەوەی هیچ گروپێك هێندە گەورە نییە بتوانێت بە تەنها حكومڕانێتی بكات.

*** ئایـــا پێـــت وایـــە هەڵبژاردن لـــە وڵاتە ئیســـلامییەكان و وڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا دەبنەهـــۆی دروســـتبوون یـــان هاتنەئارای دیموكراسی، بە دەربڕینێكی دیكە ئایا بۆچی هەڵبژاردن لەم وڵاتانەدا نابنەهۆی دروستبوونی دیموكراسی؟**

- من دەڵێم ڕەنگە ئەمـــە بەڵگەی ئەوەنەبێت كە كەلتوری ئەم وڵاتانە لەگەڵ دیموكراسیدا ناگونجێن، بەڵكو بەڵگەی ئەوەیە كە هێشـــتا هەوڵ بۆ مومارەسەكردنی دیموكراسی نەدراوە لەم وڵاتانەدا.

*** لەوڵاتە تازەگەشـــەكردووەكاندا پرۆســـەی دەنگدان و هەڵبژاردن بە مەبەستی دروستكردنی ئینتیمـــای نەتـــەوەی لای هاوڵاتیـــان بـــۆ پارتە سیاســـییەكان ئەنجـــام دەدرێن، ئەمە لە كاتێكدا ئامانجی هەڵبـــژاردن بەرهەمهێنانی دیموكراســـییە، ئایا چۆن دەكرێت ئەم پرۆسەیە لـــە وڵاتـــە تازەگەشـــەكردووەكاندا بگۆڕین بـــۆ پرۆســـەی بەرهەمهێنـــان و پتەوكردنی دیموكراسی؟**

- لە ڕاســـتیدا ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوەنییە هەموو لایەك بگەنە دید و بۆچونێكی هاوبـــەش، بەڵكو ئەمە تەنها پرۆســـەیەكە بۆ یەكلاكردنـــەوەی جیاوازییەكان بە شـــێوەیەكی ئاشـــتیانە، چونكە ئەم پرۆســـەیە لە هەموو بەدیلەكانی دیكە باشترە.



**هەمیشە خەڵک لە ڕوانگەی خواست و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانەوە دەنگ نادەن، بەڵکو هەندێ جار دەنگ بۆ خەڵکانی هاوشێوە و هاوپیشە و هاوگروپی خۆیان دەدەن**

**کینس مایەر بۆ گوڵان:**

# ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بایەخدان بە پرسە نیشتمانییەکان و لەبەرچاوگرتنی خواستە لۆکاڵەکان کێشەیەکی سەرەکییە و ڕووبەڕووی سیستەمە دیموکراتییەکان دەبێتەوە

**پرۆفیسۆر کینس مایەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ویسکۆسن –مادیسۆن و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك لە ئەمریکاو مافە دەستورییەکانی سەرۆك لە ئەمریکا،سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا و جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پرۆفیسۆر مایە بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** هەموو ئەو حزب و قەوارە سیاسییانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەموو هەوڵێك دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی دەنگ کۆبکەنەوە، ئایا چۆن ئامانجی هەڵبژادنەکان لەنێوان کۆکردنەوەی دەنگ و چەسپاندنی دیموکراتی دەخوێنرێتەوە؟**

- ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوەیە پاڵێوراوەکان بتوانن بەرنامەی خۆیان بۆ دەنگدەران ڕوون بکەنەوەو ئەوە بخەنەڕوو کە هەر کاتێك متمانەیان پێدرا چۆن کار دەکەن و چی بۆ خەڵك دەکەن. بەمشێوەیە هاوڵاتییان دەتوانن لە ڕێی شارەزابوون و ئاگاداربوون لە پلان و بەرنامەی پاڵێوراوەکان بڕیاری خۆیان بدەن و تەفزیلی پاڵێوراوێك بەسەر پاڵێوراوێکی دیکەدا بکەن. کەواتە بیرۆکەی پشت هەڵبژاردنەکان ئەوەیە دەنگدەران کۆنترۆڵی ئەوە بکەن کە حکومەت چی دەکات، یاخود ئەوە دیاری بکەن کە کێ کۆنترۆڵی کاروبارەکانی حکومەت دەکات.

*** ئێمە دەمانەوێت بپرسین ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم خواست و داواکارییە مەحەلیانە ببردرێنە ئاستی نەتەوەیی؟**

- لە ڕاستیدا وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە لە ئارادانییە، لەبەر ئەوەی لە هەموو وڵاتێکدا یاسادانەران، یاخود



پەرلەمانتار و کۆنگرێسمانەکان تەنها بایەخ بە داڕشتنی سیاسەتە نەتەوەییەکان نادەن، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا خواست و ویستی خەڵکانی خۆیان لەسەر ئاستی مەحەلی لەبەرچاوبگرن، واتە دەبێت لەم ڕووەوە هاوسەنگییەك ڕابگرن، ئەمەش کار و ئەرکێکی زەحمەتە و دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ئەندام پەرلەمان، یاخود یاسادانەرانە و هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد وەڵامێکی ئاسان نییە بۆ ئەم پرسیارە.

*** لەم ڕووەوە ئەگەر پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە ئاراستەی بەڕێزت بکەینەوە، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن ئەم جیاوازییانە لە ناسنامەیەکی نیشتمانی گشتگیکردا کۆبکەنەوە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاست و دروستە و من لەگەڵتاندا هاوڕام، بە باوەڕی من سەرکەوتنی حکومەتیش دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا دەتوانێت ئەم کارە بکات و ئەم ئامانجە بهێنێتەدی، هەروەها دەبێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەموو لایەك سازش لەگەڵ یەکدا و لەبەرامبەر یەکدا بکەن و ئیعتیراف بەو ڕاستییە بکەن کە ناتوانن تێکڕای داواکاری و خواستەکانیان بهێننەدی، بەڵکو خەڵکانی دیکە و لایەن و گروپی جیاوازی دیکە هەن کە پێویستە بەشدارییان پێبکرێت لە دروستکردنی بڕیار و لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا و دەبێت خواستەکانیان لەبەرچاوبگیرێن و بەشێك لە داواکارییەکانی ئەوانیش بهێنرێنەدی، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات کە لە نێو ئەم جیاوازییانەدا ناسنامەیەکی نیشتیمانی گشتگیر دروست بکات و لە ڕاستیدا من ڕێگایەکی ئاسان شك نابەم تاوەکو بیخەمەڕوو بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ئەم ئامانجەی پێ بهێنێتەدی.

*** باشترین پاڵنەر بۆ ئەوەی دەنگدەران بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن ئەوەیە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە بەرنامەی**

**پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات کە لە نێو ئەم جیاوازییانەدا ناسنامەیەکی نیشتیمانی گشتگیر دروست بکات**






**لایەنەکاندا ببیننەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێژەی دەنگدەران دەبێتەهۆی شەرعییەت بەخشین بەو حکومەتەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دروست دەبێت، ئایا چۆن دەکرێت وا لە دەنگدەران بکەین کە بەرژەوەندی خۆیان لە بەرنامە لایەنەکاندا ببیننەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پەیوەستە بەسیستمی سیاسی و دەستەی حکومڕانەکانەوە، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، چونکە تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا ئەندامانی کۆنگرێس سیاسەتی نیشتمانی وڵاتەکە دادەڕێژن، بەڵام دووبارە هەڵبژاردنەوەیان لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە تا چ ئاست و ئەندازەیەك توانیویانە خزمەت بە لایەنگر و پشتیوانەکانی خۆیان بکەن، کەواتە دووبارە مەسەلەی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بایەخدان بە پرسە نیشتمانییەکان و لەبەرچاوگرتنی خواستە مەحەلییەکان دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی و ڕووبەڕووی سیستمە دیموکراتییەکان دەبێتەوە.

*** لەوڵاتە تازەگەشە کردووەکاندا پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بەمەبەستی دروستکردنی ئینتیمای نەتەوەیی لای هاوڵاتیان بۆ پارتە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمە لە کاتێکدا ئامانجی هەڵبژاردن بەرهەمهێنانی دیموکراسییە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بگۆڕین بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و پتەوکردنی دیموکراسی؟**

- دەبێت کار بۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵك بکەین کە پیادەکردن و چەسپاندنی دیموکراسی لە بەدیلەکانی دیکە باشترە و دەبێتە مایەی بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان و دەبێتەهۆی باشترکردنی ئەدای ئابووری وڵاتەکە و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس لە وڵاتەکەدا، دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبێت و هاوڵاتیانیش هەستی پێبکەن لە ژیانی خۆیاندا.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە نەکەلتوری دیموکراسی هەیە و نەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی دروستبوونی ئەم کەلتوورە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کەلتورە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بنیات بنێین؟**

- دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەوە بکەم کە لەو وڵاتانەی ئەزموونێکی کەمی دیموکراسیان هەیە دەبێت ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەڵدەبژێردرێن کار بۆ ئەوە بکەن کە سیستمەکە سەرکەوتوو بێت، واتە بتوانێت لایەنی ئەمنی بپارێزێت و دۆخی ئابووری خەڵك بەرەوپێشەوە ببات. هەروەها پێویستە ئەو کەسانەی لە سیاسەت و ئەدای حکومەتەکە نارازین هەوڵبدەن بەهۆی گرتنەبەری سیاست و ئامرازە دیموکراتییەکانەوە کار بۆ گۆڕینی حکومەتەکە بکەن و بیر لە پەنابردنەبەر توندوتیژی و سیاسەتە نادیموکراتییەکان نەکەنەوە، واتە دەبێت ئامادەبن پابەندبن بە ڕێسا و پێوەرە دیموکراسییەکانەوە لە کاتی هەوڵدانیان بۆ گۆڕینی ئەو حکومەتەی لە ئارادایە، چەسپاندن و بەرەوپێشبردنی ئەم پێوەر و ڕێسایانەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و لە ماوەیەکی کەمدا ڕوونادات. هەروەها بوونی دیموکراسی بێ بوونی هەڵبژاردنەکان شتێکی مومکین نییە، بەڵام ئایا چۆن هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی دروستبوونی کەلتوری دیموکراسی؟ ئومێدەکە ئەوەیە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە خەڵکی بتوانن کۆنترۆڵیان هەبێت بەسەر ئەوەی حکومەت چۆن کاروبارەکان بەڕێوەدەبات، هەروەها فێری ئەوەبن هەڵبژاردن بکەنە ئالیەتێك بۆ گۆڕینی حکومەت ئەگەر لە ئەدای ئەو حکومەتە نارازیی بوون، لە هەمان کاتدا تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن نابێتەهۆی هێنانەدی دیموکراسی و هەڵبژاردن چارەسەرێکی سیحری نییە، ئەگەرچی دیموکراسیش بێ بوونی هەڵبژاردن بوونی نابێت.

دەبێت کار بۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵک بکەین کە پیادەکردن و چەسپاندنی دیموکراسی لە بەدیلەکانی دیکە باشترە

چۆن هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی دروستبوونی کەلتوری دیموکراسی؟

**مایکل داڤید مارتینز بۆ گوڵان:**

# توندوتیژی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کاریگەری سلبی لەسەر پێکەوە کارکردنی ئایندە دەبێت

**پرۆفیسـۆر مایکل داڤید مارتینز ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نیو ئۆرلیاند و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر شــەرعییەتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و هەروەها پسپۆرە لە ئاکاری سیاسیی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن، سەبارەت بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر مارتینز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** هەڵبژاردن یەکێکە لە سیماکانی دیموکراسی، هەروەها بــەلای کەمەوە ماوەی مانگێك پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، پرســیارەکە ئەوەیە فەلسەفە و ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان چین؟**

- بە تێڕوانینی من هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دوو ئەرکی ســەرەکیان هەیە، یەکەمیان ئاشناکردن و بەرچاو ڕوونکردنــەوەی دەنگدەرانە لەلایەن پاڵێــوراوە ڕکابەرەکانەوە، یاخود ڕاکێشــانی ســەرنجی دەنگدەرانــە بۆ کێشــە و پرســە ســەرەکییەکان، بۆ ئەوەی دەنگدەرانیش لەسەر بنەمــای ئەو زانیاری و هۆشــیارییە متمانە بــە پاڵێوراوێکی دیاریکراو بدەن، ئەرکی دووەم بریتییە لە قەناعەت پێهێنانی دەنگدەران بەوەی دەنگ و متمانــە بە لایەنێك یان پاڵێوراوێکی دیاریکراو بــدەن، ئەویش بــە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی ئەو پاڵێوراوە لەســەر ئەو پرسانەی کە دەبنە مایەی خزمەتکردنی زیاتر بە بەرژەوەندی دەنگدەران.

*** لە کاتــی هەڵبژاردنــەکان هاوڵاتییان بە بەرنامە جیاوازەکانی پارتە سیاسییەکان ئاشنا دەبن، ئەمە لە کاتێکدا ئەم بەرنامانە لەســەر ئاستی نەتەوەیی دادەڕێژرێن، بەڵام هاوڵاتییان ســەرقاڵن بە کاروباری ڕۆژانەی خۆیانەوە کە ئەمەش ئاســتی مەحەلی دەگرێتــەوە، ئێمە دەمانەوێت بپرســین ئایا چــۆن دەتوانرێت ئەم خواســت و داواکارییە مەحەلیانــە ببردرێنە ئاستی نەتەوەیی؟**

- ئــەوەی پاڵێوراوەکان لە کاتی بانگەشــە و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کاری لەسەر دەکەن ئەوەیــە بەرنامە و هەڵوێســتەکانی خۆیان بە شــێوەیەك دابڕێژن کە پەیوەست بێت بە کێشە



ڕۆژانەکانــی خەڵکەوە، لەبەر ئەوە شــتێکی زۆر سروشــتییە کە هاوڵاتیان بەو شێوەیە بیر لە بڕیار و سیاســەت و یاســاکانی حکومەت بکەنــەوە، کە چۆن ئــەو بڕیار و یاســایانە کاریگــەری و ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەســەر ژیانی ڕۆژانەی ئەوان. ئەوەش ئاشــکرایە کە خەڵکی تێگەیشتنێکی باشیان هەیە دەربارەی ئــەوەی دەبێت چ سیاســەتێکی دیاریکراو لە ئاست ناوچەکەیان یاخود شارەکەیاندا جێبەجێ بکرێــت، بۆ نموونــە، ئەوان تێگەیشــتنێکی ڕوونیــان هەیــە دەربارەی ئــەوەی دەبێت چ سیاسەتێکی پەروەردەیی پیادە بکرێت، کە من پێم وایە ئەرکی پاڵێــوراوەکان ئەوەیە هەوڵبدەن لە نزیکەوە ئاگادار و ئاشنای دیدو بۆچوونی خەڵکەکە بن لەســەر ئاســتی مەحەلی و کار بۆ ئەوەی بکەن ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە کاتی دارشتنی سیاسەتەکاندا.

*** لــەو وڵاتانــەی کە لە گروپــی ئیتنی و نەتەوەیــی جیــاواز پێکهاتوون، ئــەوە بەدی دەکەین کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەران لەســەر بنەمایەکی ئیتنی و نەتەوەیی دەنگ دەدەن، ئایا چۆن پارتە سیاســییەکان دەتوانن ئەم جیاوازییانە لە ناســنامەیەکی نیشتمانی گشتگیردا کۆبکەنەوە؟**

- ئــەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکــەن لە وڵاتی عێراقــدا بــەدی دەکرێت، کە ئاشــکرایە لەم وڵاتەدا ناسنامەی ئیتنی گرنگی و پێگەیەکی بەهێزی هەیە و تا ڕاددەیەکی گەورە خەڵکی لەســەر بنەمای ناســنامەی ئیتنی دەنگ دەدەن، لە ڕاستیدا ئەمە تا ڕاددەیەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشــدا بەدی دەکرێت، بەڵام نەك لەسەر بنەمای ئیتنی، بەڵکو لەسەر بنەمای ئاڕاســتەی ئایدۆلۆجــی پارتەکان، مەبەستم ئەوەیە لە ئەمەریکادا پارتە جیاوازەکان ئەوەندە تونــد ململانێی یەکتر دەکەن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانــدا کە دواتر زەحمەتە بتوانــن هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن و بگەنە هەڵوێســتێکی هاوبەش لەگەڵ یەکدا. لەبەر ئەوە دەبێت پارتە سیاسییەکانی عێراق هەوڵبدەن دوای هەڵبژاردن و دوای پێکهێنانی حکومەت هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتە بــە تایبەتی ئەگەر گروپە ئیتنی جیاوازەکان بە توندی ڕکابەری یەکیان کردبێت و دژی یەکتر وەســتابێتنەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.

*** باشــترین پاڵنەر بۆ ئەوەی دەنگدەران بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن ئەوەیە بەرژەوەندی تایبەتــی خۆیان لــە بەرنامــەی لایەنەکاندا ببیننــەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەســەر**

خەڵکی تێگەیشتنێکی باشیان هەیە دەربارەی ئەوەی دەبێت چ سیاسەتێکی دیاریکراو لە ئاست ناوچەکەیان یاخود شارەکەیاندا جێبەجێ بکرێت



**ڕێژەی دەنگدەران دەبێتەهۆی شەرعییەت بەخشین بەو حکومەتەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دروست دەبێت، ئایا چۆن دەکرێت وا لە دەنگدەران بکەین کە بەرژەوەندی خۆیان لە بەرنامە لایەنەکاندا ببیننەوە؟**

- ڕەنگە بتوانرێت ڕێژە و ئاستی بەشداربوون بە پێوەری شەرعییەتی هەڵبژاردنێك دابنرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە ئایا هەڵبژاردنەکان لە چ سیاقێکدا ئەنجامدراون و بە پێی چ یاسا و ڕێسایەك ڕێکخراون. هەروەها ئەو کاتە ڕێژە و ئاستی بەشداربوون بەرەو هەڵکشان دەچن کە ژمارەیەك پارتی سیاسی لە ئارادابن و ململانێ و ڕکابەرییەکی تەواو لە ئارادابێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بۆ بەدەستهێنانی متمانە، لە هەمان کاتدا بوونی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداربوون و دەنگدان، بە شێوەیەکی گشتی تەنها ڕێژەی بەشداربوون بەس نییە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر شەرعییەتی پرۆسەکە بدەن، بەڵکو دەبێت سیاقە دەستووری و کۆمەڵایەتییەکەش لەبەرچاوبگرین.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بە مەبەستی دروستکردنی ئینتیمای نەتەوەیی لای هاوڵاتییان بۆ پارتە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێن، ئەمە لە کاتێکدا ئامانجی هەڵبژاردن بەرهەمهێنانی دیموکراسییە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەیە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بگۆڕین بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و پتەوکردنی دیموکراسی؟**

- لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان گرنگی و کاریگەری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوەی دەبنە دەرفەتێك بۆ ئەوەی هاوڵاتییان بیر لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان بکەنەوەو لەوە بڕوانن چۆن ئەم پرسانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر کێشە محەلییەکان، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتە لە وڵاتێکدا کە دابەشبوونێکی بەهێز هەبێت لەسەر بنەمای ئاینی و ئیتنی، بەڵام من ناتوانم لەوە زیاتر لەسەر ئەم بوارە بدوێم لەبەر ئەوەی شارەزایی من زیاتر لەسەر دیموکراسییە گەشەکردوو دێرینەکانە، نەك پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا.

*** لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە نە کەلتوری دیموکراسی هەیە و نە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی دروستبوونی ئەم کەلتورە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کەلتورە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا بنیات بنێین؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە ڕاستیدا ئەمە بە شەو و ڕۆژێك ڕوونادات و پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، من پێم وایە پێویستە لەم ڕووەوە کار بۆ بەشدارپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە محەلییەکان بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لەسەر پەرەپێدان و قوڵکردنەوەی ئەم کەلتوورە، بۆ ئەوەی ووردە ووردە خەڵکی فێری چۆنیەتی بەشداریکردن بکرێن لە هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکان و لە جۆرەکانی دیکەی بەشداریکردنی سیاسیدا. لە هەمان کاتدا دەبێت جۆری سیستمی هەڵبژاردنەکەش لەبەرچاوبگیرێت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە پێگە و ڕۆڵی چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵگەوە، بۆ نموونە ئافرەتان مەبەستم ئەوەیە چۆن کاربکرێت بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ هێنانەپێشەوە و بەشداری کردنیان لە پرۆسەکەدا، کەواتە بەمشێوەیە دەکرێت هەنگاو بە ئاڕاستەی دروستکردنی ئەو کەلتورەدا بنرێت.

*** ئایا پێت وایە هەڵبژاردن لە وڵاتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبنەهۆی دروستبوون یان هاتنەئارای دیموکراسی، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا بۆچی هەڵبژاردن لەم وڵاتانەدا نابنەهۆی دروستبوونی دیموکراسی؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنها بەشێکی پرۆسەکەیە، بەڵکو دەبێت خەڵکی هێشتا کاریگەرییان هەیە بەسەر ئەو حکومەتەی دوای هەڵبژاردنەکان دروست دەبێت، واتە دەبێت کاربەدەستان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە ئاست خەڵکەکەدا، بۆ نموونە دەکرێت ئەم کاریگەرییە لە ڕێی ئەنجامدانی پەیوەندی و گفتوگۆیەکی بەردەوام لە نێوان خەڵك و کاربەدەستان و ئەندام پەرلەمانەکانەوە درێژەی پێبدرێت، واتە مەسەلەکە تەنها دەنگدان نییە. لە لایەکی دیکەوە بەشداریکردنی خەڵك لە پرۆسەی دەنگدان و لە کاریگەربوون بەسەر کاروبارەکانی حکومەتەوە، بە تایبەتی حکومەتی محەلی ( لەبەر ئەوەی حکومەتی محەلی زیاتر لێیان نزیکە، یاخود لەبەر ئەوەی ترس و بێ متمانەیی هەیە بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی، وەك ئەوەی لە کوردستاندا هەیە بەرامبەر حکومەتی عێراق) ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی کەلتوری مەدەنی و کەلتوری بەشداریکردن.

لە ئەمەریکادا پارتە جیاوازەکان ئەوەندە توند ململانێ یەکتر دەکەن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کە دواتر زەحمەتە بتوانن هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن و بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش لەگەڵ یەکدا

ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنها بەشێکی پرۆسەکەیە، بەڵکو دەبێت خەڵکی هێشتا کاریگەرییان هەبێت بەسەر ئەو حکومەتەی دوای هەڵبژاردنەکان دروست دەبێت

**ستاڤان لیندبێرگ بۆ گوڵان:**

# دەبێت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پرۆسەی پەروەردەکردن و هۆشیاری دیموکراتی بێت

**پرۆفیسۆر ستاڤان لیند بێرگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فلۆریدا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دیموکراسی و هەڵبژاردن لە ئەفریقیا، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەو وڵاتانە، پرۆفیسۆر لیندبێرگ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن وەك سیمای کۆمەڵگەی دیموکراتی سەیر دەکرێت لەو ماوەیەی کۆمسیۆنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن دیاری دەکات جموجۆڵی پارت و قەوارە سیاسییەکان زۆر زیاد دەکات، پرسیار ئەوەیە ئایا بایەخی پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن چییە؟**

- پێموایە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان زیاتر لە مانگێك دەخایەنێت و لە راستیدا هەندێ جار هەڵمەتە رەسمییەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان سێ مانگ تا شەش مانگ دەخایەنێت، ئەمە لە کاتێکدا هەڵمەتە نارەسمییەکان ماوەیەکی زیاتری بۆ تەرخان دەکرێت. ئامانجی ئەم هەڵمەتانە ئەوەیە بوار بە پاڵێوراوەکان و پارتە سیاسییەکان بدرێت بۆ ئەوەی بە روونکردنەوە و خستنەڕووی بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیان هەڵبستن لە ئاست پرسە جیاوازەکاندا، بە چەشنێك هاوڵاتیان یاخود دەنگدەران بەرچاویان روون بێت لە کاتی دەنگداناو دەنگ بەو پاڵێوراو و لایەنە سیاسییە بدەن کە پێیانوایە دەتوانێت باشتر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان بکات. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئەرك و ئامانجی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە، بەڵام ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی هەندێ لەو وڵاتانە بڕوانین کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، وەك هەندێ وڵاتی کیشوەری ئەفریقیا، ئەوا ئەرك و ئامانجی جیاوازتر بەدی دەکەین کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەدای دەکەن، بۆ نموونە لەم وڵاتانەدا هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی هاوڵاتیان



بەکاردەهێنرێت، واتە تەنها هەڵوێست و تیڕوانین و بەرنامەی جیاوازی پارتە سیاسییەکان ناخرێنەڕوو، بەڵکو کاردەکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئاشنابکرێن بە مافە سیاسییەکان، وەك مافی بەشداری کردن لە پرۆسەی دەنگداندا، مافی رەخنەگرتن و نارەزایی دەربڕین و موعارەزەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت، لەگەڵ مافی یەکسانبوونی سیاسیدا، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە وڵاتەکەدا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەبنە دەرفەتێك بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك بن و باشتر بەشداری لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی بەها و بنەما دیموکراتییەکاندا بکەن، چونکە لە کاتی ئەم هەڵمەتانەدا گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان دێنە ناو پرۆسەکەوە، یاخود بڵێین داراییەکی زۆر بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی هەڵبستن بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە مافەکانیان و بە چۆنیەتی دەنگدان، هەروەها هەڵدەستن بە چاودێریکردنی هەڵمەتەکە و پرۆسەی دەنگدانەکە، رۆڵی ئەم رێکخراوانە دوای هەڵبژاردنەکانیش بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین بە تێپەڕبوونی کات هەم رۆڵی ئەم رێکخراوانە باشتر و چالاکتر دەبن، هەم کاریگەریان لەسەر چەسپاندنی بەها و تیڕوانینە دیموکراسییەکان زیاتر دەبێت. یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەم هەڵمەتانە لە وڵاتە تازەگەشە کردووەکاندا بنیاتنان و بەهێزکردنی دەزگا و کەناڵەکانی راگەیاندنە، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی رەخساندنی هەلومەرجێکەوە کە تێیدا بوار بە دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و تیڕوانینی جیاواز دەدرێت، دەزگاکانی راگەیاندن بەرەو گەشەکردن و بەرەوپێشچوون و بەهێزبوون دەچن. لە هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا دیاردەیەکی دیکە بەرچاو دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا ئاژاوە و پشێوی دروست دەبێت، هێزەکانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان و دادگاکان و تەنانەت هەندێ جار سوپای وڵاتەکەش دەستێوەردان دەکەن، بەڵام دەستێوەردانێکی ئیجابی، واتە رۆڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گێڕانەوەی سەقامگیری دەبینن، کە لەم

**هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەبنە دەرفەتێک بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاک بن و باشتر بەشداری لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی بەها و بنەما دیموکراتییەکاندا بکەن**





ڕووەوە دەتوانن مەکانەتێك و شــــوهرەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن، واتە لەبری ئەوەی ئەم لایەنانە هەڵبســــتن بە پاراستنی ئەمنیەتی ئـــەو حکومەتەی لـــە ئارادایە کـــە ڕەنگە هەوڵی پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیان بدات، ئـــەوا دەبنە قەڵغانی پاراســـتنی ئەمینەتی هاوڵاتیان.

*** لـــە وڵاتێکـــی وەك عێراقـــدا کـــە نە کولتووری دیموکراسی هەیە و نە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم کولتوورە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کولتـــوورە لە وڵاتێکـــی وەك عێراقدا بنیات بنێین؟**

- ئەمە لە وڵاتانی ئەفریقیاشدا بەدی دەکرا، کە هەمیشە سێ هەڵبژاردنی یەکەم هاوشان بـــوون بە پەنابردن بـــۆ توندوتیژی کە تێیدا پارتە سیاسییەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان ڕەت دەکردەوە، کە دەبێـــت ئەو بەکارهێنانی توندوتیـــژی و پەنابردن بۆ ســـاختەکارییە ئیدانەبکرێـــت. بەڵام دواتـــر وردە وردە ئەم هەڵبژاردنانە باشتر بوون، ئەگەرچی بە ڕەوتێك نەبوو کە لە ئاســـتی خواستی خەڵکدا بێت. هەرچۆنێك بێت پێموایە دۆخەکە بەرەو باشتر دەچێت، هەرچەندە ئەمەش دەوەستێتەســـەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان چ شتێك فێربوونە، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چ شـــتێك فێربوونە و ئایا چۆن کاردەکرێت بۆ باشـــتر دابینکردنی مافە سیاسییەکان و مافە مەدەنییەکان و چۆن ئەم هەڵمەت و ئەم پرۆســـەیە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا چـــۆن پارتە سیاســـییەکان دەتوانن ئەم جیاوازییانە لە ناسنامەیەکی نیشتمانی گشتگیرکردا کۆبکەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا لە زۆرێك لە وڵاتاندا کە پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنی پێکدەهێنرێـــن، یاخود دەنگدانی هاوڵاتیان و دەنگدەران لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنی دەبێت، لە سەرەتادا ئەم شێوەیە دەنگدانە پیادە دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە لە هەڵبژاردنی یەکەم و دووەم و ڕەنگـــە لە هەڵبژاردنی ســـێیەمدا ئەمـــە دووبارە بکرێتەوە، بـــەڵام دواتر وردە وردە ئەم جـــۆرەی دەنگدانە بەرەو لاوازبوون و کزبـــوون دەچێت. هۆکارەکـــەش ئەوەیە لە ســـەرەتادا هاوڵاتیـــان زانیارییەکی کەمیان لەبارەی پارتە سیاســـییەکان و پاڵێوراوەکان هەیە، یاخـــود ئەگەر ئەم زانیاریانەشـــیان هەبێت، ئەوا متمانەیان پێناکەن، یاخود تەنها متمانە بـــە چەند پاڵێوراوێکـــی دیاریکراو دەکەن، تەنها لەبەر ئەوەی ســـەر بە گروپە ئایینـــی یاخود ئیتنیەکـــەی خۆیانن، بەڵام بـــە دووبـــارە بوونـــەوەی هەڵبژاردنەکان و بە ببینی سیاســـییەکان لە دەســـەڵاتدا و بە چاودێریکردنیـــان بەوەی چۆن ڕەفتار دەکەن لە کاتی دەسەڵاتگرتنە دەستدا، ئەوا دەتوانن هەڵســـەنگاندنیان بۆ بکەن، مەبەستم ئەوەیە بە دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ چەند جارێك، ئەوا تۆمارێك دروست دەبێت کە خەڵکی دەتوانن لە ڕێیەوە هەڵبستن بە هەڵسەنگاندن و حکومدان بەسەر سیاسییەکانەوە. واتە ئەو کاتەی ئەو کەســـانە دەبینن لە دەســـەڵاتدا کە ئەوان لەســـەر بنەمـــای ئیتنی دەنگیان پێداون و دەبینن کەســـانێکی باش نین، بەم شـــێوەیە بیردەکەنەوە کە دەنگدانیان لەســـەر بنەمای ئیتنی هەڵەبووە، بە هەمان شـــێوە ئێمـــە لە وڵاتانـــی ئەفریقیـــادا و لە کاتی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوە بەدی دەکەین کە دەنگدان لەسەر بنەمای خێڵەکی لاوازدەبێت. کاتێ من باس لە دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەکان دەکەم بۆ چوار جار یان زیاتر ئەوا ئێمە باســـی ١٦ بۆ ٢٠ساڵ دەکەین، ڕەنگە ڕۆژنامەنووس و کەســـانی چالاکگەر هەوڵبدەن ڕەوتی چاکسازی و بەروپێشبردنەکە خێراتـــر بکەن، بەڵام مـــن وەك ئەکادیمیەك هەوڵـــدەدەم ئەوە دەستینشـــان بکەم کە چی مومکینـــە و چی واقیعییـــە، بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونـــی کات و بە بڕینـــی قۆناغەکان ئەو دۆخە بێتەپێشـــەوە کـــە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین. هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تەنها دووبارەکردنـــەوەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا زەمانەتـــی بەرەوپێشـــچوونی بارودۆخەکە ناکەن، بەڵام لە هەمـــان کاتدا نابێت بوونی پارتی ئایینی و ئیتنی ڕەشـــبینمان بکەن، چونکـــە ئەمە ســـەرەتای ئەم پرۆســـەیەیە و ئومێـــد دەکرێت کە بـــە تیپەڕبوونی کات بتوانرێت ئەمە تەجاوزبکرێت، چونکە دەبێت ئێمە ئـــەو ڕاســـتیەمان لەبەرچاوبێت کە لە ســـەرەتادا و هەنگاوەکانی یەکەم بۆ بنیاتنان و بەرەوپێشـــبردنی پرۆســـەی دیموکراسی هاوشانە بە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیاردانە، بەڵام هیوادارم بتوانرێت بە باشـــترین شێوە و بـــە گونجاوترین ڕێگـــە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

**تەنها دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا زەمانەتی بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکە ناکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت بوونی پارتی ئایینی و ئیتنی ڕەشبینمان بکەن**